https://doi.org/10.24271/garmian.305 ttp://jgu.garmian.edu.krd

# كەسێتی فەنتازی لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلیدا

**سامان بەهمەن حمید**

بەشی زمانی كوردی ،كۆلێجی پەروەردە ،زانكۆی گەمیان

Saman.bahman@garmian.edu.krd

## پوختە

فەنتازیا وەك چەمكێكی تازە رۆڵێكی سەرەكی دەبینێت لە ڕۆمانی هاوچەرخی كوردیدا و چێژێكی تایبەتی بەخشیووە بەو رۆمانانەی كە فەنتازیا لەناویاندا بە شێوەیەكی بەرچاو مەزرێنراوە.بۆیە توێژینەوەكەمان تەرخانكردووە بۆ ئەم بوارە بە ناوی (كەسێتی فەنتازی لەرۆمانی دواهەمین هەناری دونیا) ی بەختیار عەلیدا.كە پێكهاتووە لە پێشەكییەك و دوو بەش و ئە نجام و لیستی سەرچاوەو پوختەیەك بە هەردوو زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی) .بەشی یەكەمی توێژینەوەكەمان لایەنی تیۆرییە تیادا باسی كورتەیەك لە بارەی فەنتازیا و زاراوە و چەمك پێناسەی فەنتازیاكراوە,هەروەها هەر لەم بەشەدا باسە لە مەرجەكانی دەقی فەنتازی و جۆرەكانی كەسێتی فەنتازی و كەسێتی فەنتازی لە نێو رۆماندا كراوە, بەشی دووەمیش لایەنی پراكتیكیە و جۆرەكانی كەسی فەنتازی لە نێو رۆمانەكەدا دەستنیشان كراوەو خراوەتە روو.

**كلیلی ووشەكان:** فەنتازیا، سەروو سروشتی، رۆمانی رەش، كەسیتی

## پێشەكی

فەنتازیا وەك چەمكێكی ڕەخنەیی ,و لەهەمان كاتدا یەكێكە لە چەمكەكانی گێڕانەوە, (تۆدۆرۆڤ) نوسەری بولگاری لە ساڵی (1970 ) لە بارەی فەنتازیا , و چەمك و جۆرەكانی و پەیوەندی نێوان فەنتازیا و چیرۆك و ڕۆمانی لە دوو توێی كتێبێكدا خستووەتەڕوو, دوای ئەوە لەلایەن عەرەبەكانەوە ئەم كتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی , بە ناونیشانی(مدخل الى الادب العجائبی) . لە دوای ئەم كتێبە ئیدی فەنتازیا بە شێوەیەكی بەربڵاو لە نێو ڕۆمان و چیرۆكەكانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەوانەی سەدەیی بیستەمدا بە تەواوەتی شوێنی خۆی گرت, دوای ئەم گەشە خێرایەی فەنتازیا لە نێو ڕۆمان و چیرۆكە رۆژئاواییەكاندا, ڕۆماننووس وچیرۆكنووسە عەرەبەكان, لە كۆتایی سەدەی بیستدا گرنگیەكی زۆریان بەم رەگەزە تازەیە داوە , و بە شێوەیەكی دیار لە ڕۆمانەكانیاندا مەزراندوویانە, وە لە ئێستادا ئەم چەمكە بوەتە بەشێك لە ناسنامەی ڕۆمانە هاوچەرخەكانی دونیاو گرنگییەكی زۆری پێدەدرێت, وە ئێمەش وەكو ئەدەبی كوردی دەتوانین بڵێین لە دوای ڕاپەرینەوە ڕۆماننووسە هاوچەرخەكا نمان وردە وردە ئاوڕییان لەم چەمكە داوەتەوە , و لە بەرهەمی هەندێك لەو چیرۆكنوس و ڕۆماننوسە كوردانەدا ڕەنگی داوەتەوە ,هەریەكەو بە ڕێژەیی جیاواز,بەڵام یەكێك لەو ڕۆماننوسە دیارانەی كورد كە دەتوانین بڵێین لە زۆربەی ڕۆمانەكانیدا فەنتازیا ئامادەگی هەیە و گرنگی پێدراوە (بەختیار عەلی)ە. كە بەشێوەیەكی بەرچاو فەنتازیا لەناو ڕۆمانەكانیدا مەزرێنێراوە , و فەنتازیا بووەتە ناسانامەی ڕۆمانەكانی ئەم ڕۆمانووسە.بۆیە ئەم توێژینەوە هەوڵێكە بۆ لێكۆڵینەوەی فەنتازیا لە ڕۆمانی كوردیدا بە نموونە (ڕۆمانی دواهەمین هەنار)ی ڕۆماننووس (بەختیار عەلی) مان وەرگرتووە.

توێژینەوەكەمان , لە پێشەكییەك و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوە , و پوختەیەك بە هەردوو زمانی ( عەرەبی و ئینگلیزی ) پێكهاتووە.بەشی یەكەمی توێژینەوەكەمان لایەنی تیۆرییە تیادا باسی كورتەیەك لە بارەی فەنتازیا و زاراوە و چەمك و پێناسەی فەنتازیا كراوە,هەروەها هەر لەم بەشەدا باس لە مەرجەكانی دەقی فەنتازیا و جۆرەكانی كەسێتی فەنتازی, و كەسێتی فەنتازی لە نێو ڕۆماندا كراوە, بەشی دووەمیش لایەنی پراكتیكیە و جۆرەكانی كەسی فەنتازی لە نێو ڕۆمانەكەدا دەستنیشان كراوە ,و خراوەتە ڕوو.

لەم لێكۆڵینەوەدا پشتمان بە ڕێبازی ( پەسنی –شیكاری ) بەستووە.

گرنگی و ئامانجی لێكۆڵینەوەكە : یەكێك لەو ئامانجە گرنگانەی لەم لێكۆڵینەوەدا هەیە ئەوەیە ,كە باسی بابەتێك كراوە كە كەمترین لێكۆڵینەوەی لەسەركراوە بە تایبەتی لە ناوەندەكانی زانكۆ وەك نامەی ماستەر و تێزی دكتۆرا ,توێژینەوەی ئەكادیمی,وە كەمترین سەرچاوە بە زمانی كوردی لەم بوارەدا هەیە ,كتێبخانەی كوردی لەم بوارەدا زۆر هەژارە,بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم توێژینەوەمان بۆ ئەم بوارە تەرخان بكەین كە( فەنتازیا )یە.

## بەشی یەكەم: چەمك و پێناسەی و زاراوەی فەنتازیا

### كورتەیەك لە بارەی( فەنتازیا )وە

بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی ڕوون و دیار لە واتا و تایبەتمەندی و بنەماكانی فەنتازیا تێبگەین ,و لامان ڕوون بێت ئەم زاراوەیە لە كوێوە هاتووە, سەرەتاكەی لای چ میللەت و لەناو كام لە ژانرەكانی ئەدەبەوە سەری هەڵداوە, هەوڵدەدەین بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا و بنەچەی ئەم چەمكە , و تیشكێك دەخەینە سەر مێژووی گەشە و سەرهەڵدانی فەنتازیا., بە شێوەیەكی دیار و بەربلاو سەرەتای دەركەوتنی فەنتازیا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (19)ە, كە هەموو (( ئەو لێكۆڵەرو توێژەرانەی لە بواری تیۆری ئەدەبی ڕۆژئاوایی كاردەكەن كۆكن لەسەر ئەوەی كە لەگەڵ دەركەوتن وگەشەكردنی زانستە مرۆیی و سروشتییەكان هەروەها دەروونناسی و زانستەكانی كیمیاو فیزیادا ئەدەبی فەنتازیش گەشەیی كردوە,و لەڕوانگەی ئەدەبیات و تیۆرەكانی ڕەخنەوە هیچ ژانرێكی ئەدەبی نایەتەكایەوە و دروست نابێت , وە ناتوانێت , جێگەی خۆی بكاتەوە لە بوارەكانی داهێنانی ئەدەبی و بەرهەمی وتاری ڕەخنەیدا ئەگەر بێت و لە ڕابردوودا بەشێك نەبوویێت لە دامەزراندنی چیرۆكە هونەریەكاندا ))[1] بەڵام , وەكو چەمك و زاراوە بەشێكی زۆر لەم چەمك و زاراوانە مێژووەكەیان دەگەڕێتەوە بۆ لای ڕۆژئاواییەكان و لە ناو ئەوانیشدا بە تایبەتی لای یۆنانیەكان و ڕۆمانیەكان ,چونكە , ئەمانە كانگەی سەرهەڵدانی زۆربەی زانست و زانستە مرۆڤایەتییەكانی وەك فەلسەفە و ئەدەب و هونەر سەرجەم ئەو ژانر و دیاردە ئەدەبیانەن كە ئێستا بوونیان هەیە, كەوابوو (( سەرەتای بە دیاركەوتنی فەنتازیا دەگەڕێتەوە بۆ كەلەپور , و ڕۆژئاواییەكان لە كۆنەوە لە پێش هەموویانەوە یۆنانیەكان كە داستان و چیرۆكەكانیان ڕەنگرێژە بە داستانی گیانلەبەران و سەرسوڕێنەرەكانیان, وە بە تایبەتی هێزێكی هێندە سەر سوڕێنەریان دابووە هەندێك لەو قسەكەرانە كە لە زمانی ئاژەڵان تێبگەن . بۆ زانین , و دۆزینەوەی ئەو درەختەی كە نەمری بە ژیان دەبەخشێت, لەگەڵ ئەو چیرۆكە ئاژەڵیانەی كە دەوڵەمەندە بە ئەفسانەكان و لە گەڵ خۆیاندا جۆرەها فەنتازیای جۆراو جۆریان هەڵگرتووە ))[2]

کەوابوو, ئەدەبی((ڕۆژئاوایی هەر لە دەقە یۆنانیەکانەوە تا دەگاتە ڕۆمانی نوێ , زۆر دەق و ڕۆمانی تێدایە,کە تا ڕادەیەك مۆرکێکی فەنتازیان هەیە,بەڵام , هەندێکیش دەرکەوتنی گوتاری فەنتازی دەبەستنەوە بە ساڵی (1770) ەوە , چونکە, فەنتازیا وەکو پەرچەکردارێك هاتووە بەرانبەر گوتاری ڕۆشنگەریی و ئەقڵانی , کە ئەقڵ و لۆجیك و زانست و سروشتی بەرز رادەگرت, پێشەنگە یەکەمینەکانی ئەم جۆرە بەرهەمە بریتین لە کازوت ( cazotte) و بیکفۆرد( ) Beckfordو والپۆڵ( Walpole ) . پاشان لە ئینگلترا لەگەڵ ڕۆمانی ڕەش(الروايه السوداو) دا لەسەر دەستی ڕادکلیف (Radcliffe) و لویس( Lewis) و هوفمان( Hoffmann ) پەرەی سەند.لە فەرەنساش لە بواری گوتاری فەنتازیدا زۆر نوسەر دەبینین, بەتایبەتی نۆدیە(Nodier) و هۆگۆ(Hogo) و بلزاك (Balzac) و فلۆبێر(Flaubert) و مۆپاسان(Maupassant) و ئەدگار ئالان پۆ( poe) و کافکا(Kafka) .هەروەها ڕۆمانی نوێی فەرەنسیش بایەخی بە فەنتازیا داوە,وەك (ئالان ڕۆب گرییە) لە ڕۆمانی( تۆپۆلۆجیای شاری خێو) و کلۆد ئۆلیە( Claude Oliver) لە ڕۆمانی (ئوریان دوای بیست ساڵ).

دەشتوانین ڕۆمانی فانتازی بکەین بە دوو بەشەوە: یەکەمیان ڕۆمانی فانتازیی تەقلیدی یان کلاسیکیە , وەك لای بەلزاك و میریمی و هۆگۆ فلۆبێر و مۆپاسان و دەیبینین لە سەدەی نۆزدەدا.ئەوی تریشیان ڕۆمانی فەنتازیی نوێیە, کە لە سەدەی بیستدا لەگەڵ ڕۆمانی (بەد گۆڕان)ی کافکا و ڕۆمانی( لوت) ی گۆگۆڵ دەرکەوت.))[3].

تیایاندا ڕاڕایی و سەرسورمان نامێنێت , و کارە سەروو سروشتییەکان دەبنە ئاسایی و هەست بە هیچ نامۆبونێك ناکەین.تۆدۆرف باسی ئەوە دەکات ((ڕۆمانەکانی سەدەی بیست سەروو- سروشتی (surnatural) یان تێدایە , بەڵام هیچ ڕاڕایی و سەرسوڕمانێك لای خوێنەر دروست ناکەن .وەك نمونەش باسی (بەد گۆڕان)ی کافکا دەکات و دەڵێت ئەم ڕۆمانە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنیەوە خوێنەر ڕوبەڕووی سەروو- سروشتی دەکاتەوە,بەڵام سەروو- سروشتی لە ڕێگەی هەندێك ئاماژەی ناڕاستەوخۆوە ڕێگەی بۆ خۆش نەکراوە دەربکەوێت,بەڵکو ڕستەکانی یەکەمی ڕۆمانەکە هەر لە سەرەتاوە بە سەروو- سروشتی دەست پێدەکەن))[4]

سەرەتای ڕۆمانەکە لەوێوە دەست پێدەکات, کە بەیانیەك (گریگوار سامسا) (کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە ) لە خەو هەڵدەستێت و دەبینێت بووە بە قالۆنچە... هەتا دەمرێت و کۆتایی بە ژیانی دێت , هەر بەم جۆرە دەمێنێتەوە,واتە لێرەدا, سەروو- سروشتی حاڵەتێکی ئاساییە لە ڕۆمانەکەدا , بەڵام , لە فەنتازیادا پێویستە, سەروو- سروشتی دوخێکی یان بارێکی نا ئاسایی بێت ))5 . بۆیە تۆدۆرۆف دەگاتە ئەو ڕایەی لەو ((ڕۆمانانەی سەدەی بیست کە فەنتازیایان تێدایە"مرۆڤی ئاسایی بە دیارکراوی بوونەوەری فەنتازیە,لێرەدا , فەنتازیا دەبێتە بنەما نەك ئاوارتە(أستپناو))[6]. لێرەدا, لە روانینەکانی تۆدرۆفەوە دەردەکەوێت سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانی فەنتازی بە شێوەیەکی بەربڵاو و دیار دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم و دەرکەوتنی فەنتازیا بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو بوونیان هەیە , لەو ڕۆمان و چیرۆکانەدا, نەك بەشێوەیەکی لاوەکی یان هەندێك جار نووسەر بە بێ مەبەست فەنتازیایی مەزراند بێتە نێو ڕۆمانەکانیەوە, بەڵکو هونەری فەنتازیا بووە بە شوناس و ناسنامەی بە شێك لە ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەم .

**زاراوەی فەنتازیا**

زاراوەی فەنتازیا(( لە نێو ئەدەبی هەموو گەلانی دونیادا لەسەردەمی کۆن و نوێدا بەرچاو دەکەوێت, بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆلای یۆنانیەکان , ئەم وشەیە ,لە بنچینەدا یۆنانیەو لە ڕەگی یۆنانی( phantastikos ) لە ڕەگی لاتینی ( fantasticus ) هاتووە . کە بە واتای ( دروستکردنی وێنەی زەینی ) دێت ))[7]. واتە وشەی( fantaissia ) لە بنەڕەتدا لە وشەی یۆنانی( fhantasia ) ەوە هاتووە, کە ئەویش لە وشەی ( fhaiinsein ) ەوە هاتووە , کە وشەیەکی فەلسەفیە بەلای ئەفلاتۆنەوە بە واتای کاریگەری هەڵخەڵەتاندنی بینینە, وە بەلای ئەرستۆشەوە بەواتی ئەندێشەی بەرهەمهاتووە ))[8]. کەوابوو , ڕەگ و ڕیشەی زاراوەی فەنتازیا دەگەڕێتەوە بۆ لای یۆنانیەکان , پێش هەموو گەلانی تری دونیا بەڵام بێگومان , لای گەلانی تریش ئەم زاراوەیە بەکارهاتووە ,و زیاتر سودیان لە سەرچاوە یۆنانیەکە وەرگرتووە .هەروەها زاراوەی فەنتازیا لە زمانی ئیگلیزیدا زاراوەی( fantasy )ی بۆ دانراوە,لە فەرهەنگی ( ئینگایزی- ئینگلیزی ) ی ئۆکسفۆرددا فەنتازیا بە دوو ڕێنووسی جیاوازی ( یۆنانی – لاتینی ) هاتووە , بەڵام بە یەك چەمك و واتا لێکدراوەتەوە, بەو شێوەیەی کە بۆ هەردوو زاراوەی ( phantasy ) و ( fantasy ) نوسراوە(( خەیاڵکردن بە حاڵەتێکی خۆش کە ئەگەری ڕوودانی دوورە, بەرهەمی خەیاڵە ))[9]. وە هەروەها لە فەرهەنگی ( ئینگلیزی – کوردی )ی ئازادیدا زاراوەی فەنتازیا بە چەند واتایەك لێکداوەتەوە لەوانە وەك( خەیاڵ- داڵغە- خەون- هەوەس-هەوەسێك یان بیرێکی سەیرو نا ئاسا )) [10] . و ئەم زاراوەیە لە لای عەرەبەکانیش لێکدراوەتەوە , لە ژێر ڕۆشنایی زاراوە ئینگلیزی و یۆنانیەکەدا وە نەیاتوانیوە یەك وشە یان یەك ڕاڤەی تەواو بدەنە وشەی فەنتازیا بۆیە ((عەرەبەکانیش بە سود وەرگرتن لە زمانی ئینگلیزی بە چەند وشەیەك واتای ئەم زاراوەیان واتە فەنتازیا خستوەتە ڕوو لەوانە وەك(( الخیال- وهم- غریب- الخارق- غیر عادی )) [11] بۆ بەکار دەهێنن, لەلایەکی دیکەوە "جمیل حمداوی" لە لێکۆلینەوەیەکیدا لە ژێر ناونیشانی ( ڕۆمانی فەنتازیی عەرەبی ) دا , پێشنیاری وشەی دیکە دەکات و دەڵێت:(( پێمان باش بوو دەستەواژەی "عجائیبی" بەکاربهێنین وەك وەرگێڕانێك بۆ دەستەواژەی "فەنتازیا"ی ڕۆژئاوایی ))[12].

ئەگەر بێینە سەر ئەدەبی کوردی , و ئەو فەرهەنگانەی ئاماژەیان بەم زاراوەیە داوە و واتاکەیان لە چوارچێوەی زاراوەیەکدا شیکردۆتەوە , ئەوا تووشی زۆر وشەو واتای جۆربەجۆر دەبینەوە کە هەریەك لەو زاراوانە دەکرێت بە شێوەیەك لە شێوەکان نزیك ببنەوە لە واتای ( فەنتازیا ) وەك لە زۆر شوێن بەم واتایانە باس لە وشەی فەنتازیا کراوە. کە کوردیش ( هەروەك زمانی عەرەبی و فارسی سودیی لە وشە ئینگلیزیەکە وەرگرتووە, و وشەی( فەنتازیا )بەکاردەهێنێت,دەشێت لە زمانی کوردیدا زۆر وشە هەبن مانای دوور و نزیکی فەنتازیا بگەیەنن وەك(( خەیاڵ, ئەندێشە, داهێنان, جیهانێکی خەیاڵ ناوێزە, بێ وێنە, خورافی, ئەفسوون,نا ئاسایی, جیهانێك جێگای باوەڕکردن نەبێت )) [13] . ئەگەر سەیرێکی ئەو هەموو وشەو دەستەواژانە بکەین , کە لەبەرانبەر وشەی فەنتازیا بەکارهاتوون لە زمانی کوردیدا, واتای ئەو هەموو زاراوەیە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە نەمانتوانیوە بە شێوەیەك لە شێوەکان کۆدەنگ بین , لەسەر وشەیەك یان بە لایەنی کەمەوە لە واتایەك . بۆیە بە باشمان زانی وەك ئەو توێژینەوانەی تر کە لەسەر فەنتازیا کراون لە ئەدەبی کوردیدا

ئێمەش وشەی( فەنتازیا ) وەك خۆی بەكاربهێنین بۆ خۆ دەربازكردن لەو هەموو واتاو وشە زاراوانەی كە لە فەرهەنگی كوردیدا بۆ زاراوەی( فەنتازیا ) هاتوون.

## پێناسە و چەمكی فەنتازیا

بۆئەوەی بە شێوەیەكی ڕوونتر و باشتر لە فەنتازیا تێبگەین ,باشترە لە ڕێگەی چەند پێناسەیەكی هەمەلایەن و چەند گۆشەنیگایەكەوە, قسە لەسەر پێناسە و چەمكی فەنتازیا بكەین ,و ئەو تێروانیانە بخەینە بەرچاو كە بە شێوەیەكی ورد و درشت پێناسەی فەنتازیایان كردوە و یان بە ڕوونی لە چەمكی فەنتازیا دواون , ئەگەر بێینە سەر پێناسەی فەنتازیا ئەوا دەكرێت ڕووبەڕووی چەندەها پێناسەی جیاواز و هاوبەشی ئەو زاراوەیە ببینەوە بۆیە هەوڵدەدەین زیاتر ئەو پێناسانە لێرە بخەینە ڕوو كە تا ڕادەیەك توانیوەیانە بە شێوەیەكی ڕێك و پێك و ورد شرۆڤەی فەنتازیان كردوە.

(( فەنتازی یان فەنتازیا یەكێكە لە جۆرەكانی خەیاڵ و هیچ پەیوەندی و لێكچوونێكی لەگەڵ واقیعدا نیە ))[14]

ئەگەر سەیرێكی ئەم پێناسەیە بكەین دەبینین فەنتازیا بەو شێوەیە پێناسە كراوە كە جۆرێكە لە جۆرەكانی خەیاڵ , و لە هەمان كاتدا هیچ پەیوەندیەك یان هاوبەشییەك لە نێوان فەنتازیا و (واقع)( كەتوار) دا نیە , دەكرێت پێناسەی تر هەبێت , جیاواز لەو پێناسەی سەرەوە كە باس لە فەنتازیا بكات.(( فەنتازیا جیهانێكە واقیع و خەیاڵ ئاوێتە دەكات, دیاردە و شتەكان لە واقیعدا بوونیان هەیە, بەڵام , فەنتازیا بە خەون و خەیاڵەكانی بە شێوەیەكی تر بوونیان پیشان دەدات و دایاندەڕێژێتەوە ))[15].

لەم پێناسەیەدا بە شێوەیەكی دیار فەنتازیا گرێدەداتەوە بە واقیعەوە كە دەكرێت, لە هەناوی واقیعەوە فەنتازیا سەرهەڵبدات , بەڵام دواجار نوسەر بە شێوەیەكی جیاواز لە واقیع ڕووداوەكان یان هەریەك لەو بنەمایانەی كە ڕۆمان پێكدەهێنن دابڕێژێتەوە , و بەرگێكی تەواو خەیاڵی فەنتازیان بكات بە بەردا, و وا لەخوێنەر بكات لە نێوان بڕوا كردن بەوەی كە هەیە ئایا ڕاستە یان نە خەیاڵە یان فەنتازیایە,هەروەها تۆدۆرف كاتێك باس لە فەنتازیا دەكات وەك ژانرێكی ئەدەبی سەیری دەكات و بەم جۆرە پێناسەی ئەدات(( فەنتازیا لە بنەمادا لەسەر ڕاڕایی خوێنەر وەستاوە,خوێنەرێك لەگەڵ كەسێتیە سەرەكییەكەدا یەكی گرتووە,بەرانبەر سروشتی ڕووداوێكی نامۆ( غەریب ) دەكرێت ,ئەم ڕاڕاییەش چارەسەر بكرێت یاخود نەمێنێت,سەبارەت بەوەی وا دابنرێت, ئەو ڕووداوە سەربە واقیعە, یان سەبارەت بەوەی وادابنرێت ئەو ڕووداوە بەرهەمی خەیاڵە یاخود لە ئە نجامی وەهمەوەیە,بە دەربڕینێكی تر وا دابنرێت ئەو ڕووداوە دەبێت یان نابێت ))[16] ,ناتوانین هیچ كام لەو تێروانیان سەرەوە بە رەهای وەربگرین بڵێن كامیان دروستە و كامیان نادروستە ,چونكە ئەوانە تێڕوانین تایبەتین و هەرەیكەیان بەشێك لو ڕاستی تێدایەو تەواوكەری یەكترن,چونكە فەنتازیا,بە بێئەوەی سەرچاوەیەكی هەبێت دروست نابێت هەموو ئەو شتانە هەن لە سروست و واقیعداهەن و بەرگێكی فەنتازیان پێدەدرێت لەلایەن نوسەرەوە بە شێوەیكی هونەری جوان,هەروەها فەنتازیا دەبێت رارایی لەلای خوێنەرەكانی دروست بكات لە نێوان ئەوەی ئەو شتانە كە ڕوودەدەن ڕاستن بوویان لە واقیعدا هەیە یان تەنها شتی خەیاڵی و سەروو –سروشتین..هەروەها تۆدۆرۆف لە شوێنێكی تردا دیسان جەخت لەو ڕاڕاییە دەكاتەوە, و دەڵێت:(( فەنتازیا بریتیە لەو ڕاڕاییەی بوونەوەرێك هەستی پێدەكات, كە جگە لە

یاسا سروشتیەکان هیچ یاسایەکی تر نازانێت , لە کاتێکدا ڕووبەڕووی ڕووداوێکی سەروو- سروشتی دەبێتەوە ))[17]. لە شوێنێکی تر تۆدۆرف بە شێوەیەی پێناسەی فەنتازیا دەکات (( کاتێك مرۆڤ ڕووبەڕووی دیاردەیەکی سەروو- سروشتی دەبێتەوە هەست بە دوو دڵی و ڕاڕایی دەکات, ئەم دوو دڵی و ڕاڕاییەش لەوەوەیە "فەنتازیا دەمانخاتە بەردەم تەنگژەیەکی دووسەرە : بڕوا بکەین یان بڕوا نەکەین )) [18] ئەوەی لێردا تۆدۆرف مەبەستیەتی کە فەنتازیا دەبێت ڕووداوێك بێت , لەسەرەوەی ئەو یاسانەی کە لەسروشتدا هەن, بە شێوەیەك جۆرێك لە دوو دڵی ڕاڕایی و گومان لای مرۆڤەکان دروست بکات, لەوەی ئایا ئەوەی کە ڕوو دەدات ڕاستە یان واقیعە , لەسروشتدا شتی وا بوونیان هەیە یان ئەمە تەنها فەنتازیایە و تەنها ئەم شتانە بەرهەمی خەیاڵ و فەنتازیان , و ئەستەمە هاوشێوەیان لە سروشتدا هەست پێبکرێت. لەلایەکی ترەوە تۆدۆرف زۆر جەخت لەسەر خوێنەر دەکاتەوە کە دواجار ئەوە خوێنەرە بڕیار دەدات کەو ئەو دەقە یان ڕۆمانە یان کەسایەتیە تایبەتمەندیەکانی فەنتازیای تێدایە یاخود نە. بەم شێوەیە تۆدۆرۆف(( لە ڕوانگەی خوێنەرەوە تەماشای فەنتازیا دەکات, پێی وایە ئەوە خوێنەرە بڕیار لەسەر بوونی فەنتازیا, یان فەنتازیا نەبوون, یان تەناتەت جۆری فەنتازی, دەقی ئەدەبی دەدات ))[19]. کەوابوو خوێنەر جەمسەرێکی سەرەکی نێو بابەتی فەنتازیە , بە جۆرێك لە جۆرەکان بڕیاری خوێنەر و خوێندنەوە و ڕاڤەی خوێنەر دەبێتە پێوانەکی ڕەخنەیی بۆ بڕیاردان لەسەر فەنتازیا بوون , یان نەبوونی دەقێکی ئەدەبی.هەروەها لە شوێنێکی تردا باس لە ڕاڕایی خوێنەر دەکات ,بۆ ئەوەی هەست بەوە بکات لەبەردەم دەقێکی فەنتازی ئامێزە ,یان ئەو دەقەی دەیخوێنێتەوە تایبەتمەندی و لایەنی فەنتازی تێدایە دەبێت ,جۆرێك لە ڕاڕایی لای خوێنەر دروست بکات, واتە مەرجی فەنتازی بوونی دەقێك لای خوێنەر بوون و هەست کردنە بە ڕاڕایی(( واتە دەبێت لە فەنتازیا ڕاڕایی هەبێت,ئیتر ئەو ڕاڕاییە لای کەسێتیەکانی ناو بەرهەمەکەیە, یان خوێنەری ناوەکی یاخود دەرەکی بەرهەمەکەیە , ئەمەیان گرنگ نیە, گرنگ ئەوەیە ڕاڕایەکە هەبێت ))[20]. ئەوەی لەم تێڕوانینەی تۆدۆرفەوە دەکرێت هەڵهێنجرێت, ئەوەیە کە بابەتی ڕاڕایی بابەتێکی سەرەکی و جەمسەر و چەقی بابەتی فەنتازیە ,بە بێ بوونی ڕاڕایی ئەستەمە دەقێکی فەنتازی لە دایك بێت, دەکرێت, خودی کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە کەسانی ڕاڕا بن یان ئەو کەسانەی لەدەرەوەی ڕۆمانەکەن, وەك خوێنەر بوونیان هەیە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەست بە ڕاڕایی بکەن.لە شوێنیکی تردا بەم شێوەیە پێناسەی فەنتازیا هاتووە(( کە سەرسوڕمانێکە مرۆڤ توشی ڕاڕایی دەکات, کە گوێی لە شتێك دەبێت, کە پێشتر گوێیەکانی پێی ڕانەهاتوون یان شتگەلێك دەبینێت کە پێشتر بە بینینان ڕانەهاتووە,یان گۆڕینی واقع(کەتوارێکە ) بە کەتوارێکی تر کە لەگەڵ یەکدا لە هەندێ شتدا جیاوازیان هەیە. ))[21]. واتە فەنتازیا دەکرێت, شت گەلێك بێت کە پێشتر مرۆڤ بەریان نەکەوتبێت ,لەگەڵیاندا جۆرە نامۆییەك دروست بێت , و وای لێبکەن بە جۆرێك هەست بە ڕاڕایی و دردۆنگ بکات, وەکو لە پێناسەکەدا هاتووە شت گەلێکت گوێ لێدەبێت کە پێشتر گوێت لێ نە بووە , یان بەرچاوت نەکەوتوون , یان پێیان ڕانەهاتوویت وە هەندێ جار واقیع بە شێوەیەك دەگۆڕێت کە لەگەڵ ئەوەی پێشتر جیاوازی لە نێوانیاندا دێتە کایەوە. هەروەها لە پێناسەیەکی تردا نوسەرێك بە ناوی (بڕاین) بەم شێوەیەی پێناسەی فەنتازیا دەکات(( هەر بەشێکی گرنگ کە پێکهاتەکەی ڕەتکردنەوەی یاساکانی سروشت بێت ,و نوسەرەکەی بە ڕوونی بڕوایەکی تەواوی بەوە هەبێت فەنتازیایە )) [22], لەم پێناسەیدا بە ڕوونی دەردەکەوێت , کە نووسەر جەخت لەوەدەکاتەوە کە دەبێت ئەوەی دەچێتە چوارچێوەی فەنتازیاوە, ئەو یاسانەی کە لە سروشتدا هەن ڕەتیانبکاتەوە و تێیان پەڕێنێت, ببنە شتگەلێك کە بکەونە

سەرەوەی ئەو شتانەی لە سروشتدا بوونیان هەیە, لەوەش گرنگتر کە نوسەر جەختی لێدەکاتەوە کە دەبێت , ئەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانە دەنوسێت کە دەچنە ژێر چەتری ئەدەبی فەنتازیاوە بڕوای تەواوی پێیان هەبێت, وەك فەنتازیاو شتی بان- سروشتی سەیریان بکات,

ئەگەر بێینە سەر ئەوەی چین , ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی ئەم جۆرە ئەدەبە, واتە ئەدەبی فەنتازی لە دایك دەبێت , و دێتە کایەوە, چونکە

هەر رەگەزێکی ئەدەبی کە سەرهەڵدەدات بێگومان, کۆمەڵێك هۆکار و فاکتەر ڕێگەی بۆ خۆش دەکەن کە بێتەکایەوە,چونکە هەموو ئەو ئەدەبە جۆراوجۆرانەی کەسەریان هەڵداوە,هیچیان لە بۆشاییەوە نەهاتوون, لە خۆیانەوە خۆرسکانە دروست نەبوون, بەڵکو ئەو قۆناغە ئەو جۆرە ئەدەبە پێویستی ڕۆژگار و قۆناغەکە و گۆڕانگاری لە بیری مرۆڤەکان وا دەکات فرە ئەدەبی فرە ژانری بێتە کایەوە, هۆکارەکانیش

1- یەکێك لەو هۆکارانە کە ڕێگە خۆشکەربووە بۆ هاتنە کایەی ئەم جۆرە ئەدەبە هۆکاری کۆمەڵایەتیە کە ئەو شتانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا ڕێگە پێنەدراون یان بە جۆرێك لە جۆرەکان بوونیان لەناو کۆمەڵگەدا جۆرێك لە نامۆیی دێننە کایەوە , یان قەدەغەکراون و هەرکەسێك بیەوێت, دەستیان بۆ بەرێت , یان ئەنجامیان بدات , ئەوا بەر نەفرەت و سزایی کۆمەڵگە دەکەوێت,((بۆیە لە زۆربەی ئەو چیرۆکە فەنتازیانە هاتووە بۆ تێپەڕاندنی ئەم بنەما و پەیوەستە کۆمەڵایەتیانەیە کە قەدەغەو حەرام کراون واتە دەچنە چوارچێوەی( تابۆ) وە کە پەیوەست کراوە لەسەر مرۆڤەکان لەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی تێیدا دەژین))[23]. چونکە زیاتر لە کۆمەڵگەدا ئەوانە ڕێگە پێدراون کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە لەسەر ڕێك کەوتوون. و یەکێك لە تایبەتمەنیەکانی مرۆڤ ئەوەی بە ناو مێشکیدا چەندەها بیرۆکەو شتی جیاواز گوزەردەکەن دەکرێت ,لەگەڵ کۆمەڵگەدا نەیەنەوە یان, لە دیدی ئەوانەوە ئەم شتانە بەزاندی سنوری ئەو داب و نەریت کلتورو ڕەفتارانەیە کە وەك پەیمانێکی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لەسەری ڕێکەوتوون((یەکێك لە هۆکارەکانی هاتنەکایەی جیهانی فەنتازیش لەلایەن گێڕەرەوە و نوسەران بۆ ئەوە هاتوەتە ناو دونیای ئەدەب و هونەرەوە , کە باسی ئەو بابەتە قەدەغەکراونە دەکات,و هەم خۆی لە لێپرسینەوە و سەرزەنشکردن لەلایەن کۆمەڵگاوە ڕزگار دەکات))[24].کەوابوو نوسەرەکان وەك دەوترێت , بە بەردێك دوو چۆلەکە دەپێکن, لەڕێگەی ئەم جۆرە ئەدەبەوە, یەکەم هەموو ئەوشتانەی کە ئارەزووی دەکەن و لە ناو دڵ و ڕۆحیاندا پەنگ دەخواتەوە, بەڵام نامۆن بە کۆمەڵگە, یان ڕێگە پێنەدراون هەندێ جار سزای توندی لەسەر جێبەجێ دەکرێت, جا ئەو قەدەغەکراوانە دەکرێت ,دینی بن یان سیاسی یان کلتوری , بۆیە ئەو نوسەرانە ئەو شتانە وەك جۆرێك لە نارەزایەتی و ڕەخنە ئاراستەی کۆمەڵگە دەکەن ,و دووەمیشان خۆیان لە سزاو تاوانبارکردن و سەرزەشتکردنی کۆمەڵگە ڕزگاردەکەن. ئەمە زیاتر دەچێتە چوارچێوەی ئەرك و پەیامی ئەدەبیەوە , کە زۆر لە فەیلەسوفان و زانایانی بواری ئەدەب جەخت لەوەدەکەنەوە کە بەشێکی ئەدەب و هونەر پەیام و ئەرکە.

2- هۆکارێکی تر کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە هاتنەکایەی ئەم جۆرە ئەدەبە ئەدەبی فەنتازی زیاتر پەیوەندی بە ناوەخنی جۆری ئەدەبەکەوە هەیە , نوسەر هەوڵدەدات جۆرە ئەدەبێك بەرهەم بهێنێت کە جیاواز لە هی ئەوانی تر,

یان بە جۆرێك لە جۆرەكان ڕوودا و كەسایەتی و شوێنی فەنتازی و ململانێی ئاڵۆز و سەخت بهێنێتەكایەوە, یان هەندێك بەربەست لەبەردەم كەسایەتیەكاندا دروست دەكات, جۆرێك لە ناهاوسەنگی دروست دەبێت , لە ململانێكاندا, بۆیە دواجار پێویستی بە هێزێكی سەروو- سروشت هەیە بۆ ئەوەی جۆرە هاوسەنگیەك لە نێوان ململانێی و هێزی كەسایەتی و ڕووداوەكاندا دروست بكات . بۆ ئەوەی ڕەوتی ڕووداوەكان بە وەستاوی لە شوێنێكدا قەتیس نەبن و ڕووداوەكان و ململانێ و كەسایەتیەكان بە جۆرێكی فەنتازی بەردەوامیان هەبێت. تۆدۆرف ئەم ناهاوسەنگی و ململانێیەی بە نموونەیەك لە (هەزارو یەك شەوە) وەرگرتووە بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی ئەم بابەتە نموونەكەش ئەوەیە(( (قمر الزمان) كوڕی پاشای پیرسە ,زیرەكترین و جوانترین گەنجە, ڕۆژێك باوكی بڕیاردەدات ژنی بۆ بهێنێت,بەڵام كوڕەكە هەست دەكات ڕقی لە ژنە و بڕیارەكەی باوكی جێبەجێ ناكات,باوكیشی سزای دەدات و دەیخاتە زیندانەوە, لێرەدا ناهاوسەنگیەك دروست بووە, و لەوانەی ئەو كوڕە دەیان ساڵ لە زینداندا بمێنێتەوە,بۆیە توخمی سەروو- سروشتی دێتە ناوەوە, جنۆكەیەك كەناوی (مەیمونەیە) لە یەكێك لە گەشتەكانیدا ئەم كوڕە جوانە دەبینێت زیندان كراوە,ئەم جنۆكەیە جنۆكەیەكی تر دەبینێت, كە ناوی( دانهاش)ە وە كچی پاشای چین دەناسێت, كە ئەویش جوانترین كچی جیهانە و ڕازی نابێت شوو بكات,بۆ بەراوردكردن جوانی ئەم دووانە ,شەوێك دوو جنۆكەكە كچی پاشای چین دەهێنن بۆ ژوورەكەی (قمر الزمان), پاشان خەبەریان دەكەنەوە بەراوردیان دەكەن ,ئیتر لە دوای ئەم یەكتر بینینە لەو شەوەدا كۆمەڵێك گیانبازی دەست پێدەكات و كوڕ و كچە پاشاكە بە دوای ڕێگەیەكدا دەگەڕێن تا پەیوەندی بە یەكەوە بكەن, لە كۆتایدا بەیەك دەگەن و دەبنە هاوسەرو خێزان پێكەوە دەنێن))[25].لێرەدا ئەگەر سەیری ئەم چیرۆكە بكەین كۆمەڵێك لەمپەرو دژواری دێتە بەردەم كەسایەتیەكانی نێو چیرۆكەكە , كە لە تواناو هێزی ئەواندا نیە ئەم بەربەستانە بشكێنن و بەسەر كێشەكاندا زاڵ بن ,واتە هێزی ناهاوسەنگ و ململانێی نا هاوسەنگ بوونیان هەیە بۆیە, بۆ ئەوەی بەسەر ئەم شتانەدا زاڵ بن ئەوا پێویستیان بە هێزی سەروو- سروشتی هەیە , كە بتوانێت هاوسەنگی بۆ شتەكان بگەڕێنێتەوە,چونكە ئەگەر وانەبێت دەكرێت چیرۆكەكە بە جۆرێكی تر دروست ببوایە,بۆیە بۆ ئەوەی كوڕی پاشا لەو زیندانە ڕزگاری بێت نووسەر پەنا دەباتە بەر كەسایەتی بەدەر لەمرۆڤ كە توانایان لە مرۆڤ زیاترە و دەتوانن بەسەر شتەكانی سەروو –سروشتدا زاڵ بن, ئەوانیش جنۆكەن,كە بەئاسانی هەم كوڕی پاشا(قمر الزمان) لە زیندان ڕزگار دەكەن و بە ئاسانی كچی پاشای چینیش باوەڕ پێدەهێنن كە شوو بكات و دواجار هەردووكیان كوڕو كچی پاشا بە یەك دەگەیەنن و دەبنە خێزان.لێرەدا ڕوودا و ململانێكان هێندە ئاسان نەبوون,كە مرۆڤەكان خۆیان بتوانن چارەسەریان بكەن و بەسەریاندا زاڵ بن و هاوسەنگی لە نێوان شتەكاندا ڕاگرن ,بۆیە پەنا براوەتە بەر كەسایەتی لە مرۆڤ بەدەر كە ئەوانیش (جنۆكەن)., هەندێ جار فەنتازیا بۆ دەربڕینی ئەو شتە شاراوە و خەوتوانەی ناو ناخی مرۆڤن كە بێ بوونی فەنتازیایەكی قوڵ و جوان ناتوانرێت لە شێوەی دەقێكی ئەدەبی ناوازەدا بەرهەم بهێنرێن .وەك بەم شێوەیە باسی فەنتازیا دەكات(( فەنتازیا دواندانی چینە خەوتووەكانی ناومانە, ئەو چینانەی ئارەزوو خەیاڵە كوژراوەكانمان تێیاندا خەوتوون,لەبەر ئەوەی بە بێ توانای پشكنینی قووڵی ناوەوە فەنتازیایەكی كاریگەرو جوان بەرهەم نایەت))[26].كەوابوو دەكرێت, لەناخی هەموو نوسەرو ئەدیبێكدا فەنتازیا بە جۆرێك لە جۆرەكان هەبێت هەر كات پێویست بكات و دەقە بخوازێت ئەوا فەنتازیا بمەزرێننە نێو دەقەكانیان.

**مەرجەكانی دەقی فەنتازی**

دیارە , بۆ ئەوەی دەقێك یان بەرهەمێكی ئەدەبی شوناسی فەنتازی بوونی پێبدرێت, یان بە واتایەكی تر بچێتە ژێر بنەماو شەنگستەكانی فەنتازی بوون دەبێت , كۆمەڵێك مەرج تێدا بەرجەستە بێت, وە بە بێ بوونی ئەو مەرجانە ناكرێت بە دەقێكی ئەدەبی بووترێت دەقی فەنتازی ,و بۆ دیاریكردنی ئەو مەرجانەش دەگەرێینەوە بۆ لای تۆدۆرۆف كە بە شێوەیەكی پوخت و كورت ئەو مەرجانەی كە دەبێت لە دەقێكی فەنتازیدا هەبن لە سێ خاڵدا دیار كردوون كە بریتین لە ))[27]:-

1- پێویستە دەقەكە وا لە خوێنەر بكات كە جیهانی كەسایەتیەكان بە جیهانێكی زیندوو دابنێت. وە هەروەها لەلایەكی تریشەوە پێویستە وا لە خوێنەر بكات كە ڕاڕا بێت , لەنێوان ڕاڤەكردنێكی سروشتی و ڕاڤەكردنێكی سەروو- سروشتی بۆ ڕووداوە گێردراوەكان.

2- پێویستە لەلایەن كەسێتییەكەوە هەستی پێبكرێت, بەمەش ڕۆڵی خوێنەر دەدرێتە دەست ئەو كەسێتییەو , وە لەهەمان كاتدا ئەو ڕاڕاییە لە ناو دەقەدا دەنوێنرێت,دەبێتە یەكێك لە بابەتەكانی بەرهەمەكە,وە لە دۆخی خوێندنەوەیەكی سادە و ڕووكەشدا خوێنەر لەگەڵ كەسێتییەكەدا یەكدەگرێت.

3- پێویستە هەوڵویستێكی دیاری كراو خوێندنەوەیەكی ڕێگایەكی تایبەت بگرێتە بەر بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەی (شیعری) و (ئالیگۆری) ڕەتبكاتەوە.

دوای دانانی ئەو مەرجانە تۆدۆرۆف دەڵێت:خاڵی یەكەم و سێهەم هەمان بەهای یەكتریان نیە,یەكەم و سێهەم بەرهەمەكە شێوەگێردەكەن و ,بەڵام دەكرێت خاڵی دووەم جێبەجێ نەكرێت.

**جۆرەكانی كارەكتەری فەنتازی**

دەكرێت, بوترێت بۆ ناسینی چەمكی كەسێتی لە ڕۆماندا ((شتێكی ڕوون و دیارە كە لە مێژووی هونەری و ڕۆشنبیری خەیاڵی بەخشان ئامێزدا,ئەگەر بێت و وەك جیاكردنەوە دابڕانی چیرۆكە كۆنە و ناسراوەكان(داستان ,چیرۆكە فۆلكلۆریەكان) وەربیگرین, كە گواستنەوە یان گۆڕینی پاڵەوانەكانە بە شێوەیەكی فراوانتر بۆ مرۆڤگەلێك كە سنورەكانی واقعیان تێپەراندووە بۆ فەنتازیا))[28]. زۆر جار لە داستان و ئەفسانە و چیرۆكە فۆلكلۆریەكاندا كارەكتەرەكان لە شێوەی جنۆكەو یان ئەهریمەن یان ئەژدیها یان هەر ئاژەڵێكی تر دەردەكەوتن, بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆماندا هەموو ئەم شتانە گۆڕانكاریان بەسەردا هات, بە تایبەتی گۆرانكاری زۆر لە شێوەی كارەكتەرو بوون و جۆریان هات , بە جۆرێك كارەكتەری مرۆڤ شوێنی ئەوانی تری گرتەوە كەلەسەرەوە ناومان هێناون. واتە ئەم جۆرە كارەكتەرانە كە مرۆڤی واقیعی و بەرهەمی واقیعی كۆمەڵگە بوون گۆڕانیان بەسەردا هات و لەگەڵ پێشكەوتنی ڕەوتی ئەدەب و جۆرەكانی ڕۆمان و ڕەگەزەكانی, بە جۆرێك كارەكتەری خەیاڵی و فەنتازی هاتنە كایەوە, كە جیاوازیان لەگەڵ كارەكتەری واقعیدا زۆرە بە جۆرێك كە هەندێ جار ئەو كارەكتەرە فەنتازیانە هاوشێوەیان لە ژیانی واقیعدا ئەستەمە هەبێت ,واتە جۆرەكانی كارەكتەر گۆڕانكاری بەسەر هات ,بەڵام بۆ ئەوەی دیارترین ئەو بوونەوەرە فەنتازیانە بناسین دەگەرێینەوە بۆ تێڕوانیەكانی تۆدۆرف كە ئەو جۆرە بوونەوەرە فەنتازیانە چۆن باس دەكات ,گرنگترین ئەو بونەوەرە فەنتازیانەی تۆدۆرف دەیانخاتە روو بریتین لە((خێو, شەیتان, خوێنمژ ,مرۆڤی بە گورگ بوو,جادوگەر,بوونەوەری نەبینراو,خێوی ئاژەڵی))[29].واتە جۆری كارەكتەرەكان فرە

چەشنن, كە مرۆڤ و ئاژەڵەكان بە بینراو نەبینراو دەگرێتەوە هەروەك "شعيب خليفی" ئاماژەی پێكردووە كارەكتەری فەنتازی بەسەر دوو جۆر دابەش دەكرێت.ئەوانیش:-

1- كارەكتەری لە جۆری مرۆڤ:

2- كارەكتەری لە جۆری بەدەر لە مرۆڤ:

كارەكتەر لە جۆری مرۆڤ ,مەبەست لەو جۆرە كارەكتەرەیە, هەروەكو لە ناوەكەشیەوە دیارە,ئەو كارەكتەرەیە كە لە شێوەی مرۆڤێكی ئاسایی دەچێت, بەڵام بەوە جیاوازە كە ئەم مرۆڤە خاوەنی كۆمەڵێك تایبەتمەندی نائاسایی و هێزی سەرووی واقیعە.

كارەكتەر لە جۆری بەدەر لە مرۆڤ, مەبەست لەم جۆرەش هەموو ئەو كارەكتەرانە بەخۆ دەگرێت,كە مرۆڤ نین,ئەمە بەو واتاییە مەرج نیە تەنها مرۆڤ ببێتە كارەكتەر بەڵكو دەكرێت ,ئاژەڵیش یان ڕووەك یان تەنانەت ڕۆحێكی نادیاریش بێت)) [30] , ئەم تێڕوانیە تا ڕادەیەك هەمان تێڕوانی تۆدۆرفە بۆ جۆرەكانی كارەكتەر,تەنها ئەوەی كە جیایان دەكاتەوە ئەوەیە كە لای تۆدرۆف باس لە كارەكتەری ڕووەك ناكات.و لە شوێنێكی تردا تۆدۆرفیش هەوڵی داوە جۆرەكانی كارەكتەری فەنتازی بۆ دووجۆر دابەش بكات, كە ((جۆری یەكەمیان كۆمەڵەی گۆڕاوەكانن,واتە ئەو بوونەوەرانەی لە بنەمادا مرۆڤن و گۆڕاون بۆ گیانەوەری تری وەك (مەیموون.)....جۆری دووەمیش ئەوانەن كە خۆیان لە بنەمادا بوونەوەری سەروو- سروشتین و لە مرۆڤ بەهێزترن بۆ نموونە جنۆكە)) [31]. واتە ئەو بوونەوەرانە فەنتازیانەی كە لەناو ڕۆماندا دەر دەكەون تەنها هەر مرۆڤ نین ,یانە ئاژەڵ, یان بوونەوەری دیارو هەست پێكراو نین, بۆیە دەكرێت, لەناو یەك ڕۆماندا هەموو جۆرەكانی كەسێتی فەنتازی هەبێت دەكرێت, یان بەشێكیان هەبێت, دەكرێت , تەنها یەك جۆریان هەبێت, ئەوەیان دەكەوێتە سەر چۆنیەتی مەزراندنی ئەم بوونەوەرانە لە لایەن ڕۆماننوسەوە لەناو ڕۆمانەكەیدا. هەروەها لەسەر دیاری كردنی جۆرەكانی كەسێتی فەنتازی لە ڕۆماندا (فرانز هلنس) تێڕوانینێكی تری هەیە و سەبارەت بە ئەدەبی فەنتازیا دوو ئاراستە دیاری دەكات:((یەكێكیان دەرەكییە و ئەوتریان ناوەكیە,لە فەنتازیا دەرەكییەكەدا نووسەر كەسێتییەكانی لە بوونەوەرە میانیەكانەوە وەردەگرێت, وەك خێو,قەزەم,جنۆكە,پەریی دەریا000هتد هەموو ئەو بونەوەرانەش ڕۆڵی میانگر(الوسیگ) دەبینن)) [32].جۆری دووەمیش فەنتازیای ناوەكییە, ئەمەیان بەرهەمی گیانێكی شاعیرانەیە ,لێرەدا كەسێتی سەرەكی خودی نوسەرەكەیە, ئەو نوسەرە فرە كەسێتی دەبێت,زیاد دەكات,دەگۆڕێت لەگەڵ مادە یان توخم تێكەڵ دەبێت, كەواتە فەنتازیایی ناوەكی لە بنەمادا شاعیرانەیە و سروشەكەی لە خەیاڵێكی سۆزداریانەی هەڵچووەوە سەرچاوە دەگرێت, لەم جۆرەدا كەسایەتیەكان داهێنانێكی ویژدانین و لەلایەن نوسەرەوە دادەهێنرێن)) [33]. لەم دابەشكردنەی (هلنس)دا دەردەكەوێت ئەو كەسایەتیانەی لە ناو ڕۆماندا دەمەزرێنێن بە دوو شێوە دروست دەبن, یان دەخوڵقێنرێن, كە یەكێكیان بە كەسایەتی دەرەكی ناو دەبات, كە ئەم ئەكتەرانە وەك دەردەكەوێت بەدەرن لە مرۆڤ زیاتر لەو كەسایەتیانە پێكدێن كە لە جۆری ئاژەڵ و كەسێتی نەبینراوەو سێبەرن, بەڵام لە جۆری دووەمیان كە بە كەسێتی ناوەكی ناوی دەبات, زیاتر ئەم ئەكتەرانە لە مرۆڤ دەخوڵقێنرێن و بەڵام زۆر جار بەهۆی ڕووداوەكانی ناو ڕۆمانەكەوە ئەم كەسێتیانە گۆڕانكاریان بەسەردا دێت, لەگەڵ شتی تردا تێكەڵ دەبن یا ن ئاوێزان دەبن , بەهۆیەوە گۆڕانكاری بەسەر جەستەو ئەندامی جەستەیان دێت,

ئەمە زیاتر نووسەر دەستی لە دروستکردن ئەم جۆرە ئەکتەرانەدا هەیە بە هۆی ئەو دۆخە ویژدانی و سوزداریانەوە دەبێت کە فشار و بۆ ڕوح و ناخی نوسەر دەهێنن.

## کەسێتی فەنتازی لە نێو ڕۆماندا

بێگومان, کەسێتی یان کارەکتەر یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە سەرەکیەکانی چیرۆك و ڕۆمان و ڕۆڵێکی بەرچاو سەرەکی دەگێڕێت, لە نێو ئەو ژانرانەدا و دەکرێت لە زۆربەی ئەو چیرۆك و ڕۆمانانەی کە هەن ڕۆڵی بەرچاو سەرەکی بگێڕن, چونکە بە بێ بوونی ئەم ڕەگەزە ناکرێت , و نابێت چیرۆك و ڕۆمان بەرهەم بهێنرێت, لەبەرئەوە کەسێتی ڕۆڵی دەبێت لە گێڕانەوە و خوڵقاندنی ڕوودا و ململانێکان و ئەو بەرزو نزمیانەی لە نێو ڕۆمانەکاندا بوونیان هەیە, بەڵام جۆری کەسێتی و ڕۆڵی لە قۆناغەکانی گەشەکردنی چیرۆك و ڕۆماندا گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە , وە لە ناو خودی ڕۆمان و جۆرەکانی ڕۆماندا بوونی کەسایەتی و شێوەی کەسێتی جیاواز دەبینین, ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە کەسێتی فەنتازیە, وە چۆن ئەم کەسایەتیە لەناو ڕۆماندا دروست دەبێت ,و دەتوانین بە ڕوونی کەسێتی فەنتازی لە جۆرەکانی تری کەسێتی جیابکەینەوە,ئەوەی ئەم جۆرە کەسایەتی و ئەم جۆرە ئەدەبە لەوانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە(( فەنتازیا تێپەڕاندنی ئاشکرای هەموو سنورەکانی کات و شوێنە, واتە سەروو-سروشتی, لەبەر ئەوەی سنورەکانی کات و شوێن تێدە پەڕێنێت و بە واقیعەوە پەیوەست نیە و لێکدانەوەی مرۆڤیش لە سنوری کات و شوێندان و بە واقیعەوە پەیوەستن, کەواتە , زۆرجار خوێنەر ناتوانێت لێکدانەوە بۆ سەروو-سروشتیەکان و بابەت فەنتازیەکانی ناو ڕۆمان بکات,زۆربەی تیۆریستەکانی ئەم ئەدەبە وای بۆ دەچن فەنتازیا لەسەر ئەو یاسایانە ڕاوەستاوە, کە پێچەوانەی یاساکانی واقیع و ئەزموونین, ئەمەش وا لە کەسێتیەکان دەکات لە هەوڵویستدا بن, کە تێگەشتن و شیکردنەوەی ئەستەم بێت ))[34]. ئەم تیڕوانیە ئەوەمان پێدەڵێت, کەسایەتی فەنتازی لە نێو چیرۆك و ڕۆماندا بەوە دەناسرێنەوە, یان دەبێت ئەم تاییە تمەندیانەیان تێدا بێت, کە دەبێت لەسەروی شیکردنەوە و ئەو ڕاڤانە بن کە مرۆڤ دەیکات بۆ کەسایەتی و ئەدەب ئەو شتانەی کە لە ناو ڕۆماندا هەن , و دەبێت ئەم جۆرە کەسایەتیانە لە سنوری واقعی و کات و شوێن بچنە دەرەوە , بە تەواوی سنورەکانی واقع تێپەڕێنن, بۆ ئەوەی ببنە کەسایەتی سەروو –سروشتی و ئەو سنورانە ببەزێنێت کە مرۆڤ دەتوانێت ڕاڤەیان بکات,هەروەها د.سەعید عەلووش سەبارەت بە فەنتازیا دەڵێت:(( فەنتازیا جۆرێکە لە جۆرەکانی گێڕانەوە, تیایدا کەسێتیەکان بە کۆمەڵێك یاسایی نوێ پێشکەش دەکرێن,ئەم یاسایانە پێچەوانەی یاسانی واقیعی ئەزموونین ))[35]. لەم پێناسەیدا دووبارە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت کەسێتی فەنتازی بە شێوەیەك بێت , هەموو ئەو یاسایانە کە هەن تێیان بپەڕێنێت و بە جۆرێك و بە یاسایی نوێ دابڕێژرێنەو کە لە پێشدا ئەو یاساو واقیعە تاقی نەکرابووبوونەوە و لەلایەن مرۆڤەوە ئەزموون نەکراون, شیکردنەوەو ڕاڤەکردیان ئەستەمە.

## بەشی دووەم

### فەنتازیا لە ڕۆمانی( دواهەمین هەناری دونیا )دا

#### دەستپێك

ئەگەر سەیری ڕەوتی ڕۆمانی کوردی بکەین یان ئەو قۆناغە لە ڕۆمانی کوردی کە پێیدەوترێت (ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی) , کە لە دوای ڕا پەرینەوە سەرەتاکانی ئەم قۆناغە سەرهەڵدەدەن.دەبینین هەم لە ڕووی ناوەرۆکەوە هەم لە ڕووی تەکینك و هونەرەکانی ڕۆمان نوسینەوە گۆرانکاری گەورەی بەسەرداهاتووە, بە تایبەتی لە ڕووی هونەر و تەکنیەکەکانی ڕۆمان نوسینەوە, ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەریەی ئەدەبی ڕۆژئاوەوە کە گەشتووەتە لای ئێمە, یاخود دەتوانین بڵێین بەهۆی ڕۆمانی ڕۆماننوسە بیانیەکانەوە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە خوێنەری کورد لێیان سوودمەندبووە,کەوتوەتە ژێر کاریگەرییانەوە , بەتایبەتی ڕۆمانەکانی ڕۆماننوسەکانی ئەمریکای لاتین, لە نموونەی ڕۆمانەکانی (گابریل گارسیا مارکێز) و هەروەها ڕۆمانەکانی ( پاولۆ کۆیلۆ) , کە بەرهەمی ئەم ڕۆماننوسانە تەژین بە خەیاڵی قووڵ و فەنتازیا ,کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە ناو ڕۆمانەکانی ئەم نوسەرانەدا فەنتازیا مەزرێنراوە, ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی ئەم ڕۆمانونوسانە بەسەر ئامەدی ڕۆمانی هاوچەرخ و ڕۆمانی فەنتازی بناسرێن,بێگومان ئەمانە کاریگەری تەواویان لەسەر ڕەوتی ڕۆمان هەیە لە جیهانی ئەدەب و ڕۆمانی نەتەوەکاندا, بە تایبەتی ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی کە بەدەر نییە لەم شە پۆلە تازەیەی دونیای ڕۆمان, , بە دیاریکراوی ڕۆماننوسی دیاری کورد (بەختیار عەلی) کە بەشێوەیەکی بەرچاو دیار ئەم کاریگەرییە لە ناو ڕۆمانەکانیدا هەستی پێدەکرێت ,و دەکرێت بڵێین پێش هەموو ڕۆماننوسەکانی تری کورد هەستی بەم جۆرە لە دونیای ڕۆمانی ڕۆژئاوایی و بە تایبەت ڕۆمانەکانی (مارکێز) کردوە, وە لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا, فەنتازیا بە شێوەیەکی دیار هەستی پێدەکرێت . و فەنتازیا چێژێکی تایبەتی و پڕمانای بە ڕۆمانەکانی ئەم ڕۆماننوسە کوردە بەخشیوە,بە شێوەیەك بە ئاسانی بەهۆی ئەم جۆرە هونەرەوە دەکرێت, بەرهەمەکانی بەختیار لە بەرهەمی ڕۆماننوسەکان تر جیابکەینەوە, وە ئەمە بەو مانایە نایەت ئێمە ڕۆماننوس و چیرۆك نوسی ترمان نیە کە لە بەرهەمەکانیاندا فەنتازیا بوونی نەبێت,بێگومان ڕۆماننوس و چیرۆکنوسمان هەیە کە بەشێوەیەکی جوان توانیویەتی فەنتازیا لەبەرهەمەکانیدا بمەزرێنێ ,کە ببێتە دەنگێگی دیاری ئەدەبی کوردی بۆ نموونە ڕۆماننوس و چیرۆك نووس و نۆڤلێت نوسی کورد(شێرزاد حەسەن) کە خاوەنی بەرهەم گەلێکی ناوازەیە لە ڕۆمان و چیرۆك و نۆڤلێت, کە بەهۆی ئەو ڕەخنە کۆمەڵایەتی و دەرونی و کلتوری و سیاسیانە و لە کۆمەڵگەی کوردی گرتوویەتی, پەنای بردوەتە بەر هونەری فەنتازیا. سەرکەوتوانە توانیویەتی بە شێوەیەك فەنتازیا لەبەرهەمەکانیدا بمەزرێنێ, هەم ڕەخنەکانی جێگەی خۆیان گرتووەو هەم بە هۆی فەنتازیا بەرهەم گەلێکی پڕ چێژی پێشکەشی مێژووی ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی کردووە,وە نموونەی زیاترمان هەیە بەڵام لێرەدا ئێمە زیاتر توێژنەوەکەمان لەسەر ڕۆمانێکی ڕۆماننوس(بەختیار عەلی)ە , بۆیە زیاتر قسە لەسەر ئەم ڕۆماننووسە دەکەین,کە بەشێوەیەکی دیار لە بەشێك لە ڕۆمانەکانیدا هونەری فەنتازی ڕەنگی داوەتەوە بە تایبەت ڕۆمانەکانی(شاری مۆسیقارە سپییەکان, غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ,دواهەمین هەناری دوینا ) وە ڕۆمانەکانی تری نوسەر بێبەش نین لە هونەری فەنتازیا تیایاندا ,بەڵام ئەو ڕۆمانانەی کە لەسەرەوە ناومان هێنان, بەشێوەیەی دیارو بەرچاو فەنتازیا لەناویاندا ڕەنگی داوەتەوە, تەنانەت بەختیار عەلی خۆی ئاماژە بەم هونەر و چۆنیەتی تێکەڵکردنی هونەری فەنتازیا و جیهانی واقیع و خەیاڵ دەکات , کە دەبێت, لەنێو ڕۆماندا پێکەوە بێن و بەهۆیانەوە ڕۆمانێك بنوسیت کە جیاوازبێت لە ڕۆمانی ئاسایی و جیاواز لەو ڕۆمانانەی کە خاڵین لە خەیاڵ و فەنتازیا بەم شێوەیە(( من هەموو ڕۆمانەکانم لە ژمارەیەکی زۆر وردە حیکایەت دروست بوون,هەڵبەت من سوود لە واقیع وەردەگرم,هیچ چیرۆك نوسێك نیە سوود لە واقیع وەرنەگرێت,بەڵام ئەم سوودە زۆرجار بۆ ئەوەیە ڕەهەندە

ناواقیعیەکانی واقیع بەرجەستە بکەم.ئەو دیوە نەبینراوەی واقیع نیشانبدەم کە بە ئەفسانەو خەیاڵ و فەنتازیاوە گرێدراوە.زۆرجار حەز دەکەم وێنەیەکی زۆر ئاسایی و بینراو زانراوی ناو واقیع بیربخەمەوە, بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی وێنەیەکی دیکەی ناواقیعدا وێنایبکەمەوە ))[36].لێرەدا ڕۆمانووس جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوەی فەنتازیا دروست دەکات , دواجار خودی واقیعە.بەڵام بەشێوەیەك دەکرێت دەستکاری ئەو واقیعە بکرێت کە پڕە لەشتی ئاسایی و بەرجەستە, بۆ نێو واقعێك کە سەربکێشێت بۆ شتی نا واقیع و نا ئاسایی سەرسوڕهێنەر , کە ناوی لێبنێین فەنتازیا یان ئەو شتانەی دەکەونە سەرەوەی سروشت, یان بان- سروشت. چونکە بەختیار عەلی هەمیشە هەوڵی داوە شتی تازە بکات لە ڕۆمانی کوردیدا کە پێشتر لە ڕۆمانی کوردیدا نەکرابێت یان پەیی پێنەبرابێت, وە دووربکەوێتەوە لە ڕوکەش نوسین و سادە نوسینەی کە لە ڕۆمانی زۆر لە ڕۆمانووسە کوردەکاندا هەستی پێدەکرێت.هەمیشە هەوڵی داوە خاوەنی شێوازو زمان و نوسینی خۆی بێت و دەتوانین بڵێین توانیوویەتی ئەمە بکات .لە ڕۆمانی کوردیدا شۆڕشێك بەرپا بکات, تەکنینك و هونەری تازە بهێنێتە نێو ڕۆمانی کوردی لەوانە هونەری فەنتازیا, کە هەمیشە کەسی فەنتازی یان شوێن و ڕووداوی فەنتازی بە شێوەیەکی دیار ئامادەگیان هەیە لە نێو ڕۆمانەکانی نوسەردا, ئەوەی لە ڕۆمانی دواهەمین هەناردا ئێمە هەستمان پێکردوە نوسەر بە شێوەیەکی دیار هونەری فەنتازی لە نێو ئەم ڕۆمانەدا مەزراند وە , بە تایبەتی کەسی فەنتازی و شوێن و ڕووداوی فەنتازی.بەڵام ئێمە بەهۆی ئەوەی توێژنەوەکەمان چروپڕ بێت تەنها دەرفەتی ئەوەمان هەبووە .لەبارەی کەسێتی فەنتازیەوە قسە بکەین و لێکۆڵینەوەکەمان لەو چوارچێوەدا سنوردار کردووە , وەکو لە پەڕەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە جۆرەکانی کارەکتەری فەنتازی کردووە .کە چۆن لای نوسەران پۆلێنکراون, یەکێك لەو پۆلێنە دیارانە کە کراوە بۆ جۆری کارەکتەری فەنتازی , پۆلێنەکەی (تۆدۆرۆف), ((کە بوونەوەری فەنتازی بە سەر دووجۆردا دابەش دەکات,جۆری یەکەمیان کۆمەڵەی گۆڕاوەکانن, واتە ئەو بوونەوەرانەی لە بنەمادا مرۆڤن و گۆڕاون بۆ گیانەوەری تری وەك مەیموون,.....جۆری دووەمیش ئەوانەن.کە لەبنەمادا خۆیان بوونەوەری سەروو- سروشتین و لە مرۆڤ بەهێزترن وەك جنۆکە.))[37]. ئەگەر سەیری کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا بکەین هیچ کام لەو جۆرە بونەوەرانەی کە(تۆدۆرۆڤ) پۆلێنی کردوون بەرچاو ناکەون.بۆیە دەچینە لای پۆلێنێکی تر کە لەلایەن(فرانز هلنس)ەوە دەستنیشان کراوە.

(فرانز ) سەبارەت ئەدەبی فەنتازیا دوو ئاراستە دیاری دەکات: یەکێکیان دەرەکیە و ئەوتریان ناوەکیە. لە فەنتازیا دەرەکیەکەدا نووسەر کەسێتیەکانی لە بوونەوەرە میانیەکانەوە دەبینن, وەك دەردەکەوێت ئەمەیان جۆری دووەمی دابەشکردنەکەی (تۆدۆرۆف)ە.

جۆری دووەمیش فەنتازیای ناوەکییە .ئەمەیان بەرهەمی گیانێکی شاعیرانەیە, لێرەدا کەسێتی سەرەکی خودی نوسەرە کەسێتیەکەی فرە دەبێت.زیاددەکات.دەگۆڕێت, لەگەڵ مادده یان توخمدا تێکەڵ دەبێت, کەواتە , فەنتازیای ناوەکی لە بنەمادا شاعیرانەیە و سروشەکەی لە خەیاڵێکی سۆزدارانەی هەڵچووەوە سەرچاوە دەگرێت.لەم جۆرەدا کەسێتیەکان داهێنانێکی ویژدانین و لەلایەن نووسەرەوە داهێنراون ))[38].

دەتوانین بڵێین کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانی دواهەمین هە نار زیاتر لە جۆری دووەمی پۆلێنەکەی(فرانز)ن کە بە کەسێتی ناوەکی ناویهێناون.کە زیاتر لەئە نجامی هەست و سۆزی هەڵچووی نوسەرەوە دادەهێنرێن.

**جۆری کەسێتیەکان لە( ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا ) دا**

لەناو ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیادا تەنها یەك جۆر لە کەسێتی نیە,بەڵکو زیاتر لە یەك جۆر لە کەسێتی لەناو ڕۆمانەکەدا بوونیان هەبێت ,کە بە شێوەیەکی ڕوون هەستیان پێبکەین و بتوانین بە ئاسانی دەستنیشانیان بکەین,بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە و پێویستە بەدوایدا بگەڕێین ,ئەوەیە دەستنیشانی ئەو جۆرە کەسایەتیە بکەین کە دەچنە چوارچێوەی کەسی فەنتازیەوە ,و دەکرێت جۆرەکانی کەسێتی فەنتازی لە نێوە ڕۆمانەکەدا بە پێی رادەی فەنتازی بوونیان دابەشیان بکەین بۆ دوو جۆر کەسی فەنتازی بەم شێوەیە :-

1- **کەسی نیمچە فەنتازی:** ئەم جۆرە لە کەسێتی فەنتازی دەکرێت , تێکەڵەیەك بێت لە کەسی و واقیعی و ئاسایی و کەسی فەنتازی یان سەروو سروشتی , کە ئەم کەسێتیە بەهۆی یەکێك لە ئەندامەکانی جەستەیەوە یان بوونی بارێکی فەنتازی لە یەکێك لە پێنج هەستەکەی یان خاسیەتێکی فەنتازی لە کردارەکانیدا دەبێتە کەسێکی نیمچە فەنتازی واتە خۆی کەسێکی ئاساییە, بەڵام لە ئە نجامی ئەو گۆڕانکاریانەی کە باسمان کرد دەگۆڕێن بۆ کەسی نیمچە سەروو —سروشتی.

2- **کەسی سەروو سروشتی:** ئەم جۆرەیان بە تەواوی کەسێکی سەروو-سروشتین ,واتە لە ڕۆمانەکەدا بە شێوەیەکی نا ئاسایی و نا سروشتی دەردەکەون, بە تەواوی جیاوازن لە کەسێتی سروشتی و ئاسایی و واقیعی ناو ڕۆمان,ئەوەی کە ئێمە دەستمان کەوتووە و لەناو ڕۆمانەکەدا دەستنیشانمان کردووە هەموو ئەو کەسایەتیانە کە وەك کەسێتی فەنتازی دەرکەوتوون زیاتر لە جۆری یەکەمی فەنتازیدا دەردەکەون کە پێیان دەوترێت کەسی نیمچە فەنتازی یان نیمچە سەروو- سروشتی.

**یاقووبی سنەوبەر**

ئەم کەسایەتیە یەکێکە لە کەسایەتیە سەرەکیەکانی ناو ڕۆمانەکە, کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە جوڵان و گۆڕینی رەوتی ڕووداوەکان و هەروەها هەندێك جار ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینێت , لە گێڕانەوەی هەموو ئەو شتانەی بوونیان هەیە لە نێو ڕۆمانەکەدا ,ئەم کەسایەیتە هەرچەندە کەسێکی ئاسایی و واقعیە لە نێو ڕۆمانەکەدا بەڵام بەهۆی ئەوەی هەندێك شت بوونیان هەیە لەم کەسایەتیە کە بوونەتە خاسیەت بۆ کەسایەتی,ئەمەش وایکردووە یاقووبی سنەوبەر ببێتە کەسایەتیەکی نیمچە سەروو- سروشتی .چونکە هەندێك شت لەم کەسایەتیەدا هەیە ناکرێت نابێت , لە کەسی ئاساییدا هەبن,چونکە بوونی ئەم جۆرە شتانە لە کەسی واقعیدا دەرناکەون بۆ نموونە لە دەمی کەسێتی (موزەفەری سوبحدەم ) ەوە بەم شێوەیە باس لە کەسێتی (یاقووبی سنەوبەر) دەکات.

((کە درۆی دەرکرد, باڵندەکان هەموو دەفڕین, لە منداڵیەوە وابوو هەر کاتێك درۆی دەکرد, شتێکی دیکە رووی دەدا,یان باران دەباری,یان درەختەکان دەکەوتن, یان باڵندەکان پۆل پۆل بەسەرماندا دەفڕین ))[39].

ئەگەر سەیرێکی ئەو شتانە بکەین کە بەهۆی کەسایەتی (یاقووبی سەنەوبە )ەوە ڕوودەدەن شت گەلێکی نائاسایین, چونکە سروشت یان ئەوشتانەی دەکەونە دەرەوەی توانای مرۆڤەوە هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت دەستی هەبێت, لە جوڵان و گۆڕینیان و دەستکاری کردنیان,باران بارین بەدەستی مرۆڤ نیە,یان درەختەکان بەهۆی درۆکردنی کەسێکەوە ناکەون, یان فرینی باڵندە بەهۆی درۆی کەسەکانەوە ڕوونادەن, کەوابوو بەهۆی بوونی شتێك لە کەسێتی یاقووبی سنەوبەر کە درۆکردنە شتێکی فەنتازی دێنێتە ئاراوە کە ئەمانە ناکرێت , بەهۆی درۆکردنی کەسێکەوە ڕوویدەن. واتە دۆرکردنی یاقووبی سنەوبەر درۆکردنێکی ئاسایی نیە وەك هەرکەسێکی تری کە درۆ دەکات, بەڵکو درۆکردنی ئەم دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەری لەسەر شتەکانی ناو سروشت دروست بکات ,هەروەها لە شوێنێکی تردا (موزەفەری سوبحەدەم ) بەم شێوەیە باسی کەسێتی( یاقووتی سنەوبەر) دەکات.((یاقووبی سنەوبەر ئەو پیاوەی کەسەیری ئاسمان دەکات شتێك ڕوودەدات,هەورێکی ناکاو دروست دەبێت,نەیزەکێك دەکشێت,نورێك توندتر لە خێرایی خۆی دێتە دڵمانەوە یان شەوێك زووتر لە وادەی خۆی دادێت, لەگەڵ ئەودا سروشت هەرگیز وەك خۆی نەبوو ))[40] ,کەوابوو نیگای یاقووبی سنەوبر دەکرێت نا سروشتی بێت ,ئەگینا نیگا لە هەموو مرۆڤێك هەیە لە ڕێگەی چاوەوە دەبێت, بەڵام نیگای یاقووبی سنەوبەر دەبێتەهۆی ئەوەی هەندێك گۆرانکاری یان شت لە سروشتدا روویدەن, کە هیچ بوونەوەرێك ناتوانێت , ئەمانە بەهۆی نیگاوە بجووڵێنێت یان ڕەوتیان بگۆڕێت,بارینی باران و کشانی نەیزەك و داهاتنی شەو تەنها لە دەستی هێزێکی سەروو سروشتە کە ئەویش خودایە.بیجگە لەو کەس ناتوانێت هیچ شتێك لەمانەی سەرەوە کە باسمان کرد بگۆڕێت یان ببێتە هۆی ڕوودانیان,هەروەها لە شوێنێکی تردا لە نێو ڕۆمانەکە حیکایە تخوان بە ڕوونی دەڵێت یاقووبی سنەوبەر کەسێکی فەنتازیە بەم شێوەیە :((یاقووبی سنەوبەر پیاوێك بوو پڕ لە فەنتازیا ))[41] . ئەمە دانپێنانێکی ڕاستەوخۆی ڕۆماننووسە بە فەنتازیکردنی کەسێتی یاقووبی سەنەوبەر.

**موزەفەری سوبحدەم:**

یەکێکی تر لەو کەسێتیانەی کە وەك کەسی سەرەکی ڕۆڵی گەورەی هەیە لە کۆی هەموو ئەو نهێنی و ڕووداو گۆڕانکاریانەی لە نێو لە ڕۆمانەکەدا هەیە , ئاگای لە هەندێکیان هەیە و وێڵە بەدوای زانینی هەندێك لەو نهێنیانەی کە ژیانی ئەویان داگیرکردبوو, کە لە هەموویان گرنگتر هەوڵی زانینی ئەو منداڵەی کە دوای ئەوەی ئەم دیل دەبێت و دەخرێتە زیندانەوە ئاگای لێنامێنێت و تا ئەو کاتەی لە زیندان دەبێت , هیچ هەواڵێکی دەرەوەی ئەو زیندانە نازانێت,هەرچەند ئەو زیندانەی ئەو باسی دەکات ,دەکرێت زیندانێك بێت جیاواز لە زیندانی ئاسایی و ئەوەی کە لە ژیانی واقعی ئێمەدا بوونی هەیە,چونکە وەك لە قسەکانی دەردەکەوێت , ئەو لە زیندانێك بووە لە لمدا , کە لەناوەڕاستی دەریایەك بووە, ئەم جۆرە زیندانە تا ڕادەیەك دەکرێت جۆرە زیندانێك بێت ,بۆ ژیانی ئەو یان جۆرە زیندانێك بێت بۆ نوسەرێك,ئەوەی خاڵی فەنتازیە لەم کەسێتیە واتە (موزەفەری سوبحدەم ) ئەوەیە , کە ئێمە هەموومان دەزانین کەس ناتوانێت لەگەڵ سروشتدا قسە بکات یان لە زمانی سروشت تێبگات ,مەبەست چیە لەو شتانەی کەسروشت ئەیانکات چ لە جوڵە و چ لە دەنگ یان ئەو گۆڕانکاریانە چین وچۆن ڕوو دەدەن لە سروشتدا,چونکە ئەمانە کۆمەڵە شتێکن سەروو- سروشتن,هیچ بوونەوەرێك ناتوانێت پەیی بەو شتانە بەرێت و بتوانێت ڕاڤەیان بکات, یان شیکردنەوەیان بۆ بکات, چونکە ئەمانە بەدەرن لە سنوری ئاوەز و تێروانیەکانی مرۆڤ,مرۆڤ چەند هەوڵبدات ئەستەمە لێیان بگات یان بتوانێت شیان بکاتەوە.بەڵام وەك دەبینین ئەم

كەسێتیە دەتوانێت زمانی ( لم ) فێربێت گفتوگۆ لە گەڵ ( لم ) دا بكات یان گوێی لە دەنگی لم بێت ئەمە شتێكی سەروو- سروشتیە كە مرۆڤ بتوانێت لەگەڵ شتێكی سروشتی شتێكی بێگیاندا گفتوو گۆ بكات, یان لەو زمانە بگات كە ( لم ) هەیەتی یان لە زمانی بیابان تێبگات شیكردنەوە بۆ ئەو دەنگە جیاوازانە بكات كە لە بیابان گوێت لێدەبێت.(( لەوماوەی بیست و یەك ساڵدا فیربووم قسە لەگەڵ لمدا بكەم,سەیرتان لێنەیەت بلێم بیابان پڕە لە دەنگ,بەڵام مرۆڤ تەواو فێرنابێت ئەو دەنگانە جیابكاتەوە,من بیستو یەك ساڵ گوێم لە بیابان دەگرت و هیرۆگلیفیای ئەو دەنگانە جیاوازانەم شیدەكردەوە ))[42].وەك موزەفەری سوبحەدم دەڵێت: مرۆڤ ناتوانێت, بە تەواوی هەموو ئەو دەنگە جیاوازانە لە یەك جیابكاتەوە,كەچی ئەو توانیوویەتی ئەو دەنگە لەیەك جیا بكاتەوە شیانبكاتەوە, هەروەها توانیویەتی لەماوەی ئەو بیست و یەك ساڵەدا فێری ئەوە بێت لەگەڵ لمدا قسە بكات, یان گوێ لە بیابان بگرێت, ئەمانە كۆمەڵێك تاییە تمەندین لە كەسێتی موزەفەری سوبحەدمدا دروست دەبن یان بەهۆی ئەو ماوە زۆرەی لە زینداندا فێریان دەبێت ,چونكە دیارە پێش ئەمە بچێتە زیندانەوە كەسێكی ئاسایی بووە, وەك هەركەسێكی تر لە ژیاندا, بەڵام بەهۆی زۆر بیركردنەوەی بە تەنها مانەوەی لەو بیابان و لم و زیندانەدا ,بووەتە كەسێك كە فێری ئەو شتانە بێت , كە فەنتازیا دروست دەكەن , یان ئەوانە شتگەلێكن بان-سروشتی یان بەدەرن لە بیركرنەوە وتواناكانی زانینی مرۆڤ,هەروەها لە شوێنێك تردا باسی ئەوەدەكات كە ئەم مرۆڤێكە لە هیچەوە هاتووە بووەتەوە بەهیچ. ئەمە شتێكی ئەستەم و ناسروشتیە هەموو دەزانین مرۆڤ چۆن دروست دەبێت دێتە دونیاوە و چۆنیش كۆتایی دێت دەبێتەوە بە چی ,بۆیە ناكرێت هیچ بوونەوەرێك لە هیچەوە هاتبێت. هەموو بونەوەرێك سەرەتاو كۆتایشی هەیە(( من لە هیچەوە هاتبووم و بووبوومەوە بە هیچ ))[43]

ئەمانە ئەو سیفەتانەبوون كە وایان كردوە موزەفەری سوبحەدم وەك كەسێكی فەنتازی دەربكەوێت.

**محەمەدی دڵشوشە :**

ئەم كەسێتیە هەر لەناوەكەیەوە دیارە كە كەسێكی ئاسایی نیەو وەك ئەو كەسانەی كە هەموو شتێكیان ئاسایی و هیچ شتێكی سەروو- سروشتی تیایاندا بوونی نیە,مرۆڤ هەموو دەزانین كە لە گۆشت و ئێسقان و خوێن و جۆرەها دەمار دروست بووە, دەكرێ بڵێین هەموو مرۆڤ لەم شتانەدا هاوبەشن, لەیەك جیاناكرێنەوە, بەڵام وەكو دەبینن, باسی كەسێتیەك دەكەین كە دڵی لە شوشە دروستكراوە, كە جیاوازە لە دڵی مرۆڤی ئاسایی كە لە گۆشت و خوێن و چەند شادەمارێك دروست دەبێت, محمەدی دڵشوشە یەكێكە لە كەسێتیە سەرەكیەكانی ناو ئەم ڕۆمانە و بە كەسێتی وێڵی دوای نهێنیە گەورە و نادیارەكان دەناسرێت, هەمیشە چەند كلیلێكی فەنتازی پێیە و هەریەكە لەو كلیلانە بۆ شتێك تەرخان كران, لای ئەم كوڕە دڵشوشەیەن بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو كلیلانە بتوانێت دەرگای ئەو نهێنیان بكاتەوە كە تا ئەو كاتەی دەمرێت بە دوایاندا وێڵە. بۆیە ناكرێت مرۆڤ دڵی لە شوشە بێت, هەمووممان هاوبەشین لەم ئەندامەی لەشمان بەڵام مەحەمەدی دڵشوشە, جیاواز لە كەسی ئاسایی دڵی لە شوشە وەك لە ڕۆمانەكەدا هاتووە(( هەموو كەس دەیناسێت,هەموو چیرۆكی ئەو مێردمنداڵە دڵشوشەیەی بیستوە , كە خۆی مردنی خۆی لە خەوندا دەبینێت,مردنێك ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەیگێرێتەوە و قسەی لێدەكات, خەونی بەربوونەوەی دڵی و شكانی و پارچە پارچەبوونی وەك هەریەك لەو توحفە شوشانەی لەناو دۆڵاب و لەسەر ڕەفی بەرزە و درێژەكانی ماڵەوە ڕیزیكردوون ))[44], هەروەها لە شوێنێكی تردا هاتووە كە بەجۆرێكی تر فەنتازی بوونی ئەم

کەسێتیەمان بۆ ئەسەلمێنێ، کاتێك بەڕێدەکەوێت ، بۆ ئەوەی ئەو نهێنیانە بدۆزێتەوە کە خەون بە ئاشکرا کردنیانەوە دەبینێت و بۆ ئەو نهێنیانە دروست بووە،ئێوارەیەك لەیەکێك لە کۆڵانەکانی شار پیاسە دەکات، کاتێك باران تێدەکات، هەموو شتێك لافاو دەبیات لە کەسەرەتەی ماڵان و شت و مەك زۆر شتی تر ، خەڵکی هەموو دەچنە ماڵەوە یان هەوڵ دەدەن لەبەر بارانەکە و ترسی ئەو لافاوە خۆیان بپارێزن، تەنها محەمەدی دڵشوشە نەبێت ، و باکی نیە و ناترسێت، کاتێك لافاو دەبیات و بەرە و کۆڵانەکانی تری شار بیئەوەی بترسێت یان خۆی لابدات لەو لافاوانە، یان بچێتە سەر شتێك سەرئاو دەکەوێت ، ناکەوێتە ژێر ئاوەکەوە ، هەندێ جار بە بێ ترس هەڵدەستێتە سەر پێ و سڵاو لەو مەخلوقەی دەوربەری خۆی دەکات کە دەیانبینێت، ئەمە شتێکە هەرگیز لە کەسێکی ئاسایی ڕوونادات، چونکە ئەستەمە مرۆڤ بچێتە سەر ئاو ،لافاو ژێرنەکەوێت یان بتوانێت بە پێوە لەسەر ئاو بوستێت نەکەوێت، یان نەکەوێتە ژێر ئاوەکەوە((ئەو بێئەوەی نوقم بێت، وەك بەسەر بەلەمێکی نەبینراوەوە بێت سەرئاو دەکەوێت، چوارمشقی لەسەر ئاوەکە دادەنیشێت و بە زەردەخەنەیەکی گەورەوە سەیری دونیا دەکات، محەمەدی دڵشوشە لەگەڵ ئەو شتانەدا ئاودەبیات ، بەڵام وەك یەکێك لەسەر بەرماڵی نوێژ دانیشتبێت لەسەر ئاوەکە دادەنیشێت و بە پێکەنینەوە تەماشای ئەوانە دەکات لەسەر بانەکانە و باڵکۆنی بازارە دوو نهۆمیەکانەوە تەماشایدەکەن،دەست بەرزدەکاتەوە سڵاویان لێدەکات، ماچیان بۆ هەڵدەدات))[45].

هیچ کەسێکی ئاسایی و سروشتی ناتوانێت ئەمە لە گەڵ ئاودا بکات، ئەمە ئەو شتانەیە کە دەکەونە دەرەوەی واقیع و سنورەکانی لۆژیکەوە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت سەرئاو بکەوێت ، بەو شێوەیە کە محەمەد دڵشوشە سەرکەتووە، بۆیە ئەمە کەسێکی بان- سروشتیە لەو کەسانەیە کە نائاسایی و نا سروشتی جیاواز لە کەسێکی ئاسایی ناو ژیانی واقیعی مرۆڤەکان.هەروەها دەرکەوتنی ئەو پەڵە خوێنە لەسەر سنگی محەمەد دڵشوشە، یەکێکی ترە لەو شتانەی کەتاییە تمەندی کەسێتی فەنتازی دەبەخشنە ئەم کوڕە دڵشوشەیە ،چونکە دڵۆپە خوێنێکی نائاساییە کە هەرچی دەکەن و پاکی دەکەنەوە بە لۆکەو شاش و برینبەستی دەخەنە سەر ناوەستێتەوە هەمیشە لەسەر سنگی لە کراسەکەیەوە دێتە دەرەوە ، و وەك پەڵەیەك هەمیشە دیارە بە سنگیەوە،ئەمەش شتێکی نائاساییە و ناکرێت مرۆڤ بەبەردەوامی خوێنی لەبەربڕوات و نەمرێت، چونکە ڕێژەی خوێن لە مرۆڤدا سنوردارە تا شوێنیك دەتوانێت بەرگەی بێ خوێنی بگرێت،چونکە مرۆڤ ناتوانێت بە بێ خوێن هەرگیز بژیت ، وەکو لە ڕۆمانەکەشدا هاتووە کە بە خوێنێکی نا ئاسایی سەیر باسی دەکات کە هەمیشە لەسەر سنگی ئەم کەسێتیە دەردەکەوێت.((هەستی دەرکرد لەسەر دڵیەوە تنۆك تنۆك خوێنێکی گەش دێتە دەرێ،بەدەم ئازارەکانیەوە لە پێش ئاوێنەیەکی گەورەدا کراسەکەی داکەن و تەماشای ئەو برینە بچکۆلانەی کرد کە زۆر لەسەرخۆ و بە هێمنی خوێنی لێدەهات،خوێنیك دەنیشێتە سەر جلەکانی و تەڕیدەکرد،ئەوەی لەو خوێنەدا سەیربوو،نەدەبوو دەمی زەخمێکی گەورە بۆ خۆی بکاتەوە و بێتەدەرێ،نەئەوەش بوو بوەستێت و سارێژ بێت،لە بەیانیەوە بەردەوام پەڵەیەك خوێن بەسەر سینەی دڵشوشەوەیە،هەمیشە خوێنێکی تەڕ کە دڵۆپ دڵۆپ بە وچانێکی پڕژان دێتەدەرێ و دەتکێتە سەر کراسەکەی.))[46] ، ناکرێت مرۆڤێك بەبەردەوامی خوێنی لێبچۆڕێت و نەمرێت ، یان سارێژ نەبێت، وەکو وتمان خوێنی لاشەی مرۆڤ سنوری هەیە و لەو ڕێژە کەمتر بێت ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت بژیت، ئەمە وا دەکات محەمەدی دڵشوشە وەك کەسێکی بان-سروشتی و نا واقعیو نا ئاسایی دەربکەوێت.

**لاولاوی سپی و شادەریای سپی**

دوو خوشك دوو كەسێتی تری ناو ئەم ڕۆمانە كە بەشێوەیەكی سەرەكی دەردەكەون , و هۆكاری زۆر لە چیرۆكە سەیر و سەمەرەو فەنتازییەكانی نێو ڕۆمانەكەن.دووخۆشك كە وەك ڕۆماننوس لە چەند شوێنێكی جیاوازی ڕۆمانەكەدا ئاماژەیان پێدەكات, كە لە كچی ئاسای ناچن و جیاواز لە كچانی ئاسایی ڕەفتار دەكەن و دەردەكەون, و هەندێ كردار و ڕەفتاریان وا دەكات جیاواز لە مرۆڤی ئاسایی دەربكەون یان ئەستەمە ئەو شتەی ئەوان دەیكەن یان ئەو شتانەی لە ڕوخسارو ڕۆحی ئەواندا هەیە لە كەسی ئاسایی و سروشتی و واقعیدا لە ژیانی ئاسایدا بوونیان هەبێت بەرچاو بكەون, ئەوەی لە دوو خوشكەدا هەیە دەكرێت بەشێكی بگەڕێنینەوە بۆ ئەو ڕوخسارە نامۆ و پرچە درێژە نا ئاساییەكەیان لەگەڵ نیگا قوڵەكانیندا كەوای لە پیاوان كردوو بە هیچ شێوەیەك نەتوانن لێیان نزیك ببنەوە و داوای هاوسەرگیری و عەشقیان لێبكەن, هەروەها بەو تەمەنە منداڵانەوە كە هەیان بوو , وەك ڕۆماننووس باسی دەكات كە تەمەنیان پازدە ساڵان بووە,هەروەها ئەو شتانەی كە لەڕەفتارە سەیرو سەمەرەكەیان هەبوو, كە بەڵێنێكی ئەبەدیان دابوو بەیەك كە هەرگیز هاوسەرگیری نەكەن, هەرگیز بێ یەك گۆرانی نەڵێن,بە درێژایی چەند كاتژمێر بێ وەستان لە ڕقی یەك وەك ململانێیەك بۆ بردنەوە و دۆراندن گۆرانی دەڵێن تا گەروویان خوێنی لێدێت, هەتا مردن جلی سپی بپۆشن, ئەمانە كۆمەڵێك شتی نائاسایی و نا واقعیە ئەم دووخوشكە دەكەنە دوو كەسی

سەروو-سروشتی نا ئاسایی.((لاولاوی سپی و شادەریای سپی لە تەمەنێكی زووەوە سوێندێكی ئەبەدیان بۆ یەكدی خواردبوو هەتا مردن كەسیان هاوسەرگیری نەكەن.قژیان نەبرن,كەسیشیان بێئەوی تریان گۆرانی نەڵێت و لە كراسی سپی بەولاوە هیچ ڕەنگێكی تر نە پۆشن,ئەو ڕێكەوتە دەگەڕایەوە بۆ چوار ساڵ بەر لەو ئێوارەیەی تۆفانەكان هەڵیانكردو محەمەدی دڵشوشەیان هێنا,بۆ ئەو كاتەی لەماڵی ئەو دوو خوشكە جەنگی گۆرانیەكان هەڵگیرسا,ئەویدەم ئەو دوو خوشكە تەمەنیان چواردە و پازدە ساڵان بوو,......,شەو و ڕۆژ لەبەرخۆیانەوە گۆرانیان دەگووت,تاكە گرفتێكی ترسناك لە پێشدەمیان ئەوەبوو,كاتێك كە گۆرانیان دەگووت, هەركەسەو گۆرانیەكی دەگووت بە گۆرانی ئەوی دی نەدەچوو, جەنگی گۆرانیەكان ماوەیەكی درێژی خایاند, هەندی شەو گەروویان خوێنی لێدەهات لە ڕقی یەك گۆرانیان دەگووت, تاریك ڕوون دەردەكەوت ئەوان گۆانیان دەگووت, كازیوە تێدەپەڕی و ئەوان هەریەك بەرانبەر ئەویتر دەیخوێند,خۆرهەڵدەهات و وەك دوو جەنگاوەری عیناد و بێڕەحم شەكەت دەبوون))[47]. لە توانای مرۆڤی ئاسایی نیە تاوەكو بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ گۆرانی بڵێت بە تایبەتی بۆ ماوەی شەو ڕۆژێك, تاوەكو گەرووی بریندار دەبێت, هەروەها پەیمان بەستنێكی وەها كە كۆمەڵێك شتی دوو كەس پێكەوە گرێ بدات ئەستەمە, تۆ ئەم جۆرە پەیمانە ببەستیت.((ئەوەی شتەكانی بە ئاقارێكی ترسناكدا برد ئەو بڕزا سەیرەبوو سەروكاری جادوویەك لە پشت ڕەفتاری ئەو دوو خوشكەوەیەوە,سیمایان لە سیمای كچانی تر نەدەچوو,تەلیسمێك و نیگایەكی نائاسایی لە سەیركردنە ساردو هێمن و نەگۆڕەكانیاندا بوو,كەسەیری شتێكیان بكردایە,بە زەحمەت چاویان لەسەر دەجوڵاند,بێئەوەی دڵڕەق بن,بەراورد بە قەوارەی ڕووخساریان چاویان گەورەتر لە قەباری چاوانی ئاسایی دەینواند,لەگەڵ ئەو قژە كێوییە درێژەیان كە بەجۆرێك نائاسایی و خێرا درێژدەبوو,نیگای سیحربازێكی پێبەخشیبوون كە كەس بە دروستی نەیدەزانی سیحرەكەیان چیە))[48].هەروەها هەندێ شتی تر لە مرۆڤی

ئاسایی جیایدەکردنەوە , ئەو خۆگۆڕین و ڕەفتارانەیان بوو, کە هەرگیز وەك کەسی ئاسایی ئەم کارانەیان نەدەکرد.((سروشتیان وەك دوو کەس کە وەك ئەوانی دی خۆیان ناگۆڕن و سەیرناکەن و ڕەفتار ناکەن, گۆڕینی بۆ دوو نامۆی ڕاستەقینە,ئەوان وەك دوو کچی گۆشەگیر گەورەدەبن,دوو کچ پیاوان خۆیانیان لێدەپارێزن, نەوەك لەبەر ئەوە جوان نین,بەڵکو لەبەر ئەوەی هێزێك لە چاوانیاندایە پیاوان لێیدەترسن و خۆیان لێوندەکەن,هەردووکیان لەوە بە تواناتر بوون پیاوان بتوانن ئاسان سەیری نیگایان بکەن,شتێکی قووڵ و دەنگێکی دووریان تیابوو, لەگەڵ خواستی ئەو پیاوانەدا نەدەگونجا کە تەنها دەرەوەی ئافرەتیان بۆ داگیردەکرێت))[49]. ئەم تایبەتمەندیانە لە ڕوخسارو کەسێتی و ڕەفتاری ئەم دوو خوشکە ,وای لەوان کردبوو کە هەمیشە وەك دوو کەسی جیاواز و نائاسایی لە کەسانی تر دەربکەون,هەر ئەم شتە جیاوازانەی ئەوان بوو, تەنانەت پیاوان نەیاندەتوانی وەك کەسانی ئاسایی تەماشایان بکەن,یان بیانەوێت وەك دوو کچی ئاسایی لێیان نزیك بوونەوە و ,بیانەوێت دڵیان ڕازی بکەن یان وەك هەرکچێکی تری دونیا پەیوەندی خۆشەویستییان لە گەڵدا ببەستن و یان بیانەوێت هاوسەرگیریان لە گەڵدا بکەن.بۆیە ئەم تایبەتمەندییە کە لە بوونی ئەم دوو خوشکەدا هەبوون, ئەوانی کردبوو بە کەسی نائاسایی یان سەروو – سروشتی, یان فەنتازی, کە لە ژیانی واقعی ئێمەدا ئەستەمە لەم جۆرە کەسایەتیانە بوونیان هەبێت و ڕۆژانە بەر ئێمە بکەون.

**سەریاسی سوبحدەم گەورە**

یەکێکی تر لەو کەسێتیە سەرەکیانەی کە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە, لەهەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە نێو ڕۆمانەکەدا ڕوودەدەن, هەروەها دەتوانین بڵێین لەو کەسێتیانە بوو کە ڕووداوی دروست دەکرد, نەك ڕووداوی ئەوی دروست کردبێت, بۆیە بە سەریاسی گەورە ناوزەندمان کردوە,چونکە لەم ڕۆمانەدا دوو سەریاسی تر هەن هەمان ناویان هەیە, بۆیە ناوهێنانی سەریاسی گەورە سەریاسی بۆ جیاکردنەوەیەتی لەو دوو سەریاسەی تر , ئەوەی شتی سەیرو تایبەتمەدی نا ئاساییە لە سەریاسی گەورە, ئەوەیە ناکرێت منداڵێك بە تەمەنێکی بچووك وەکو لە ڕۆمانەکەدا هاتووە دەکرێت, تەمەنی تەنها دوازدە ساڵان بێت, کە هەموو دەزانین توانای جەستەیی و ئاوەزی منداڵێك لەو تەمەنەدا چەندە, دەکرێت هەندێك جار منداڵی ناوازە یان ئەوانەی کە هەر لە منداڵیەوە پەروەردە دەکرێن و ڕادەهێنرێن بۆ ئە نجام دانی یان بوون بە شتێك, بتوانێت هەندێك کاری ڕەفتاری نائاسایی و نا واقعی بنوێنێت, بەڵام ئێمە باسی ئەو جۆرە منداڵانە ناکەین, بەڵکو لە منداڵێك دەدوێین کە خۆڕسکانە ئەم تایبەتمەنیدیانەی تێدایە, کە وای کردووە وەك منداڵێکی جیاواز لە منداڵەکانی هاوڕێی ئەوانەی لەو سەردەمەدا لە گەڵیدا ژیاون و گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن کە سەریاسی گەورە کەسێکی جیاوازە منداڵێکە لەوان ناچێت, یان هەندێك کاردەکات یان هەندێك تایبەتمەندی لە ئەودا هەیە لەئەواندا هەستی پێناکرێت,بۆیە بە زۆر ناو و نازناو بانگیان دەکرد وەکو(مارشاڵ) و (پرۆفیسۆری عەرەبانەکان) و (سەریاسی مەزن یان گەورە) و (فەقیرترین کوری دونیا) و ..... هتد.منداڵێك بێبەش لە هەموو شتێك, هەموو ژیانی لەناو بازاڕێکی جەنجاڵ و پڕلە کارەسات,بازاڕێك پڕ لە منداڵی هەژارو بێ درامەت,دوور لە هەموو پێشکەوتن و خۆشیەکی ژیان.سەریاس لەناو ئەو بازارە ناجۆرو پڕ کێشەیەدا دەبێتە کەسێك وەك فریادرەس دەردەکەوێت بازار بە شێوەیەکی ئەندازەی ڕێکدەخاتەوە, دەبێتە نوێنەری هەموو ئەو عەرەبانەچیانە کەلەوێ کاردەکەن((سەریاسی سوبحدەم پێیان دەگووت"پرۆفیسۆری عەرەبانەکان". ئەو ئەو عەقڵە

بچکۆلانیەی بوو, لەناو ئەندازەی ئاڵۆزو پێچاوپێچی بازاڕەکاندا سەدەها دەستگێری منداڵی ڕێنماییدەکرد,دەسڕپکی سوری دەبەست بە نێوچاوانیەوە,جگەرەیەکی تورکی بەدەستیەوە و گۆچانێکی چکۆلانە لە دەستیدا, ئەو بوو منداڵە شیر فرۆشەکانی گواستەوە بۆ پشتی ئاسنگەرەکان,ڕۆنفرۆشەکانی لە پێش مزگەوتەکەوە تا نزیك مەیدانی مریشکەکە دوورخستەوە,ئەو بوو ئاوێنە فرۆشەکانی لە قەیسەرییەکان نزیککردەوە , دەرمانفرۆشەکانی لە بۆنی چڵپاوی بازارەوە تاسەر شۆستە پاکەکانی ناوەڕاستی بازاڕ جوڵاندو کردنی بە هاوسێی کتێبفرۆش و وێنەفرۆشەکان ئەو بوو, لەهەموو جێگایەکەوە دەروازەی دەدۆزیەوە بۆ هەڵهاتن و ڕاکردنی عەرەبانەکان,دەیان کەلاوەی کۆن و مەخزەنی چۆڵ و حەوشی خاپورو جێهێڵڕاوی کرد بە بنکەو حەشارگە, پاسەوانی شەوانەی دانا,ئەو خەونی بەوەوە دەبینی یاسایەك بۆ بازاڕ دابنێ ,نەخشەی شارێکی تر و جۆرە دونیایەکی دی بکێشێت,ئەوانەی لە نزیکەوە ناسیان دەڵێن توانایەکی ئەفسووناوی هەبووە لەسەر ڕازیکردنی هەموو کەسێك ))[50].ئەمەی وەسفی دەکەین کە هەموو ئەو توانا و لێهاتووەی هەیە لە چۆنیەتی دروستکردنی بازار و ڕێکخستنی ئەو هەموو جە نجاڵیە.منداڵێکی تەمەن دوازدە ساڵانە کە هەندێك لەو عەرەبانەچیانەی ئەو گەورەیان بوو لە تەمەنی ئەو گەورەتربوون.وێنەی کەسێك بەو تەمەنەوە کە بەو شێوەیە ڕوخساری دەربکەوێت ,دەستەسڕی سوور لەمل دەرکرد ,کێشانی جگەرە بەو شێوەیە ,گۆچانێکی بچووك بە دەستیەوە,ئەمانە وێنەی منداڵێکی ئەفسووناوین ,منداڵێك ناکرێت بەم شێوەیە بوونی هەبێت, لە ژیانی ئاسایی ئێمەدا, وەك هاوڕێکانی ئاماژەی پێدەدەن کە توانایەکی ئەفسووناوی هەبووە لە هەموو ئەو کردارانەی یان ڕەفتارانەی کە ئە نجامی داون.هەروەها ڕۆماننووس خۆی باس لەوە دەکات کە ئەو دوو کوڕە کەمەبەستی (سەریاسی گەورە و محەمەدی دڵشوشە)یە ڕۆحێکی پڕ فەنتازیان هەبووە.ئەمە بەڵگەی ئەوەی خودی ڕۆماننووسیش مەبەستی بووە ئەم دوو کەسێتیە وەك کەسێتی نائاسایی بمەزرێنێ لە نێو ڕۆمانەکەیدا , بۆیە بەم شێوەیە باسیان دەکات.((ئەگەر ئەو دوو کوڕە ڕۆحیان پڕنەبایە لە فەنتازیا,دوو منداڵ نەبوونایەحەزیان بۆ نهێنی و سەرکێشی لە هەر شتێکی دی گەورەتربێت لە شەوێکی وادا کە ڕاستی ناشرینترین ددانی خۆی لە جەستەی مرۆڤ گیردەکرد, نەدەکەوتنە گەڕان بەدوای درەختێکی ئەفسانەییدا ,درەختێك سەریاسی سوبحدەم دواتر ناوی دەنێت"دواهەمین هەنار دونیا"))[51].

یەکێکی تر لە شتە نامۆو سەیرانەی لە سەریاسی سوبحدەمدا هەبوو ,ئەوەبوو پاش مردنی کاتێك باوکی مەبەستمان (موزەفەری سوبحدەم)ە, دەچێتە سەر گۆڕەکەی هەست بە شتێکی سەیردەکات ,((گوێمدەنا بە گۆڕەکەوەو دەمگووت"خودای مەزن, ئەو گوێی لێمە... دەزانم گوێیلێمە.... وەرن دەست لە گۆڕەکە بدەن دەجوڵێتەوە, من دەستم دەخستەسەر ئەو گۆڕە و دەمبینی دەجوڵێتەوە, هەستم بە ڕۆحێك دەرکرد دەیەوێت, لە کۆت و زنجیرێکی ترسناك ئازادبێت, هەستمدەکرد هاوارێك و کڵپەیەکی قەتیس لەو گۆڕەدایە و دەیەوێت بێتەدەرێ, من هاوارم دەکرد , و ئەو تینوتاوەی ناو گۆڕەکەش تینی دەسەند,خوشکەکان دەیانگرتم و دەیانگووت"موزەفەری سوبحدەم تۆ ئازاری دەدەیت... تۆ بەم هاوارانەت خەبەری دەکەیتەوە.... کەخەبەری بێتەوە برینەکانی ئازاری دەدەن بێدەنگ بە موزەفەری سوبحدەم بێدەنگ بە ))[52]. هەموومان دەزانین , هەرکەسێك بمرێت تەواو ئیتر هەموو شتێکی کۆتایی پێدێت و نەخۆی نە ئەو گۆڕەی تێیدایە دەتوانن هیچ شتێك بکەن , هەروەها نە دەخەوێت تا خەبەری بێتەوە , نە جارێکی تر پەیوەندی بە دونیای زیندوانەوە دەمێنێتەوە, بەڵام وەکو

موزەفەری سوبحەدەم باسی دەكات كە هەستی كردووە دەجولێتەوە, دەیەوێت لە گۆڕەكەی بێتە دەرەوە, هەروەها كاتێك دوو خوشكەكە بە موزەفەر دەڵێن, نابێت بە دەنگی بەرز قسە بكەیت نەوەك بەخەبەر بێتەوە و برینەكانی ئازاری بدەن,ئەم شتانە نادرێنە پاڵ كەسێكی ئاسایی كە بە ئاسایی وەك مرۆڤەكانی تر لە ژیانێكی واقعیدا ژیا بێت, بەڵكو ئەم تاییە تمەندیانە تەنها لەو كەسانەدا بوونیان هەیە كە نە ئاساین و نە واقعین و كەسانی سەروو- سروشتی ڕەفتارو ژیان و هەڵسوكەوتیانە لە مرۆڤی ئاسایی ناچێت و پێیان دەوترێت كەسانی فەنتازی یان سەروو- سروشتی.

## ئیدریسی هەنگوین

ئیدرسی هەنگوین هەر بەناوناوەكەیدا دیارە كە سەروكاری لەگەڵ هەنگ و هەنگویندا هەیە,ئەم كەسێتیە یەكێكی تر لەو كەسێتیانەی ناو ڕۆمانەكە, هەرچەندە ڕۆڵێكی كەم و دەركەوتنی كەمی هەیە, تەنها بۆ چەند شتێكی كورت و بچوك دەردەكەوێت, بەڵام ئەو دەركەوتنانەی ئەو تەنها بۆ درێژكردنەوە و زیاد كردنی كەسێتی تر نیە بۆ ناو ڕۆمانەكە, بەڵكو ئەوەی ئەم كارەكتەر دەیكات, زۆر شت بەهۆی ئەمەوە ڕوون دەبێتەوە, دەرگای زۆر نهێنی دەكرێتەوە, هەروەها ڕووداوەكانی ڕۆمانەكە لە قەتیس بوون و لەنگەرگرتن ڕزگار دەكات.چونكە بەبۆنەی ئەمەوە كە پاسەوانی زیندانێكی گەورەیە موزەفەری سوبحەدەم دەتوانێت هەواڵی (سەریاسی دووەم یان سەریاسی بچووك)بزانێت , بەهۆیەوە لەرێگەی چەند كاسێتێكەوە تا زەمەنێك ئاگایان لەیەكترو هەواڵی یەكتر دەبێت,بەڵام (ئیدرسی هەنگوین) سەرەتا هەنگەوان بووە(( پێشتر هەموو ژیانی لە دۆزینەوەی هەنگدا بەسەربردبوو,بە گە نجی خاوەن توانایەكی ئەفسووناوی بوو بوو لە دۆزینەوەی دار هەنگەكاندا, بە شادییەكی بێسنورەوە كێو بەكێو , دوای مۆسیقای باڵیان كەوتبوو,فڕیوو لە گەڵیاندا,تێكەڵاویان بوو بوو , لالەزار بەلالەزار بەدوایاندا ڕۆیشتبوو,چیا دوای چیا سەركوتوبوو , هەستێك و بۆنێكی بەهێزو سەلیقەیەكی نائاسایی لە دۆزینەوەی باشترین جۆری هەنگویندا هەبوو,بەڵام ڕۆژێك لەناكاو هەموو تواناكانی خۆی لەدەست دەدات, ڕۆژێك چیتر ناتوانێت ,هەنگ بدۆزێتەوە,ناتوانێت لە گەڵیاندا بفڕێت و دەست لەشارەكانیان بدات, تا شتێك تیایدا نامرێت, حەزێكی نائاسایی و ئەفسوناویە لە هەنگوین. ئیدی ئەو سەلیقە كۆنەی لە دۆزینەوەی هەنگدا وەك پاشخانێكی بەكەڵك بۆ دوزینەوەی گوناهبار و گومان لێكراوان بۆ حیسابدەكەن و لە ئاسایش وەریدەگرن, پاشماوەیەك لەدوای ئەوە لەو قەڵا ترسناكەدا دەبێتە پاسەوان))[53] ئەوەی لەكەسێتی ئیدریسی هەنگویندا هەیە هەرگیز لە كەسی ئاسایی و واقعی هەستی پێناكرێت, مرۆڤ ناتوانێت بفرێت, ئەو نهێنی و ڕازەی لە ژیانی هەنگەكان هەیە كەس ناتوانێت بیانزانێت, وەك ئەوان لاسایی بكاتەوە لە شتی تردا بەكاریان بهێنێت, هەرەها وەك ڕۆماننووس ئاماژەی پێدەكات كە سەلیقەیەكی نائاسایی هەبووە لە دۆزینەوەی باشترین هەنگویندا ئەمە بۆ خۆی سەلماندنێكی باشە بۆ ئەوەی كەسێتی ئیدریسی هەنگوین وەك كەسێكی بان- سروشتی نائاسایی و ناواقعی دەربكەوێت,هەروەها ئەم سەلیقەیە هیچ پەیوەندی بەوەوە نیە كە تۆ لەم شتانە بزانیت و دواجار بۆ كاری سیخوری و بۆ كاری ئاسایش و دۆزینەوەی تاوانبارو ئەم جۆرە شتانە بەكاری بهێنێت, بەڵام كاتێك لەناكاو ئیدریسی هەنگوین ئەم سەلیقەی دۆزینەوەی هەنگەكان لە دەست دەدات دەچێت بەهۆی ئەمەوە دەبێت بە ئاسایش و دواجار دەبێتە پاسەوانی قەڵایەكی ترسناك, بۆ دۆزینەوەی تاوانبارو گومانكراو , بەهۆی ئەوەی ئەم دەتوانێت

بەهۆی ئەوشارەزابوونەی لە دۆزینەوەی باشترین هەنگ و هەنگوین ,تاوانبارو گومانلێکراوەکان بناسێتەوە, هەموو ئەم شتانە وادەکەن کەسێتی ئیدریسی هەنگوین وەك کەسێکی نائاسایی و نا واقیع و سەروو-سروشتی دەربکەون.

**ئە نجام**

**لە کۆتایی توێژنەوەکەماندا گەشتینە ئەم ئە نجامانەی لای خوارەوە:**

1- رۆمانووس بە شێوەیەکی باش توانیویەتی هونەری فەنتازیا بە شێوەیەکی چڕوپڕ لە نێو رۆمانەکەیدا بمەزرێنێت.

2- جۆری ئەو کەسێتیە فەنتازیانەی کە لە نێو ئەم رۆمانەدا هەن, زیاتر کەسێتی نیمچە فەنتازین, واتە زۆر لەو کەسێتیانە لە واقیعەوە وەرگیراون, دواجار گۆڕاون بۆ کەسی نیمچە فەنتازی, بەهۆی هۆکارێکەوە.

3- چونکە کەسێتیەکان لە واقعیەوە وەرگیراون, دابڕاو نین لە ناو رۆمانەکەدا کە تەنها چەند کەسێکی فەنتازی بن و هیچ پەیوەندیان بە رووداوەکانی ناو رۆمانەکەوە نەبێت,بەڵکو هەریەك لەو کەسێتیانە رۆڵی خۆی هەیە لە بەرەو پێشبردنی رەوتی رۆمانەکە.

4- کەسێتیەکان لە جۆری مرۆڤن, واتە کەسێتی لەمرۆڤ بەدەریان تیانیە, لە چەشنی( جنۆکە, خێو ) یان هەر گیانلەبەرێکی تر.

5- کەسێتیەکان هەڵقوڵاوی سۆزو ئەندێشەی خودی رۆماننووسن, بەرهەمی بیری نوسەرن , واتە رۆماننووس بۆ مەزراندنی کەسێتی فەنتازی پەنای نەبردۆتەبەر ئەفسانەو داستانە کۆنەکان. سەرجەم کەسێتیە فەنتازیەکان بەرهەمی خەیاڵی نوسەرن.

**پەراوێزەکان**

1- سميره بن جامع,العجائبى فى المخيال السردى فى ألف ليله و ليله,رساله الماجستير,جامعهالحاج لخچر( باتنه ) ,كليه الاداب و العلوم الانسانيه,قسم اللغه و ادابها ,2010,ص21.

2- جميل حمداوى,الروايه العربيه الفنگاستيكيه,ئەم بابەتە لەسەر تۆری ئەنتەرنێت دەستدەکەوێت لەسەر پێگەی: http://www.arabicnadwah.com/articles/fantasia-hamadaoui.htm

3- بروانە: تزفيتن تودوروف, مدخل ال الادب العجائبى, ت:الصديق بوعلام,دار شرقيات للنشر والتوزيع,گ1, 1994,ص154.

4- محمد امين عبدالله,فەنتازیا لە رۆمانی( غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ ) ی بەختیار عەلیدا,گۆڤاری زانکۆی کۆیە,ژ35, 2015,ل45.

5- هەمان سەرچاوە,ل46

6- ڕووناك سەلاح عەلی ,هونەری فەنتازیا لە چیرۆكی نوێی كوردی بە نموونەی چیرۆكەكانی( سابیر ڕەشید و شێرزاد حەسەن ),چ1, چاپخانەی ڕۆژهەلات/هەولێر, 2017, ل19.

7- هیمدا حسین , كەیفی ئەحمەد, ڕۆڵی تەكنیكی( خەون و فەنتازیا )لە بنیاتی داستانی فۆلكلۆری كوردیدا ,گۆڤاری زانكۆی كۆیە ,ژ43, 2017,ل173.

8- ڕووناك سەلاح عەلی,ل18,19

9- حەمە ڕەشید قەرەداغی, فەرهەنگی ئازادی( ئینگلیزی- كوردی ),چ1,چاپخانەی اسوە,2006,ل352.

10- هەمان سەرچاوەی پێشوو,ل19

11- جمیل حمداوی,ڕۆمانی فەنتازی عەرەبی,وەگێڕانی:جومعە جەباری,گۆڤاری نەوشەفەق,ژ71 ,كەركوك,2009,ل22.

12- ڕووناك سەلاح عەلی,ل30,31

13- عەتا نەهایی, خەیاڵ و فەنتازی لەبەرهەمی ئەدەبیدا ,بەشی دووەم,ڕۆژنامەی هەولێر,ژ1687, 2013 ,ل15

14- هیمداد ,كەیفی ئەحمەد,ل176.

15- محمد امین عبدالله ,ل48.

16- هەمان سەرچاوە,ل48

17- الیاقوت بن سیدهم, العجائبی فی الروایه الجزائریه المعاصره روایه"نصف وجهی المحروق ل :عبدالقدر شرابه" –نموژجا, رساله الماجستیر,جامعه محمد بوچیاف بالمسیه,كلیه الاداب وللغات, قسم اللغه و الادب العربی,2015,ص14

18- ڕووناك سەلاح علی ,ل26.

19- د. محمد امین عبدالله ,ل51.

20- الیاقوت بن سیدهم,ص13.

21- ڕووناك سەلاح علی,ل29.

22- سمیره بن جامع,ص9.

23- هیمداد حسین, كەیفی ئەحمەد,ل174.

24- محمد امین عبدالله ,ل54,55.

25- حەمە مەنتك, سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی كوردیدا ,چ1, هەولێر,2011, ل150.

26- علاوی الخامسه ,العجائبیه فی الادب الرحلات :رحله بن فچلان نموژجا ,رساله الماجستیر, جامعه منتوری- قسنگینه , كلیه اللغات والاداب,2005,ص43,44.

27- فیصل غازی النعیمی,العجائبی فی الروایه )الگریق ال المدن(مجله جامعه تكریت للعلوم الانسانیه ,المجلد( 14 ),العدد( 2 ),2007, ص122.

28- محمد امین عبدالله ,ل58.

29- ڕووناك سەلاح علی, ل123,124.

30- محمد امين عبدالله ,ل58.

31- هەمان سەرچاوە,ل59.

32- بروانە: نجاه تميم , الادب العجائبى,اهو واقع ام خيال؟, مجله الحوار المتمدن- 2992, 2012/5/1, محور الادب والفن www.ahewar.org\debat\show.art.asp?aid=213613

33- محمد امين عبدالله ,ل52

34- سعيد علوش,معجم المصگلحات الادبيه المعاصره,دار الكتاب اللبنانى , بيروت- لبنان,گ1, 1985,ص146.

35- عبدالحى العباس,( بناو المصگلح العجيب و الغريب والخارق والفنگاستيك ) بين قيودالمعجم وقلق الاستعمال,المگبعه والوراق الوگنيه- مراكش,گ1, 2007,ص86

36- بەختيار عەلى,وەك باڵندەى ناوجەنگەڵە ترسناكەكان,چ1,چاپخانەى ئارۆ,2012,ل50

37- محمد امين عبدالله ,ل58

38- هەمان سەرچاوە,ل59

39- بەختيار عەلى,دواهەمين هەنار دونيا. چ2,چاپخانەى رەنج,2003,ل3

40- هەمان سەرچاوە,ل3

41- بەختيار عەلى,دواهەمين هەنارى دونيا,ل4

42- هەمان سەرچاوە,ل5

43- هەمان سەرچاوە,ل6

44- هەمان سەرچاوە.ل13

45- هەمان سەرچاوە,ل14, 15

46- هەمان سەرچاوە,ل37

47- بەختيار عەلى,دواهەمين هەنارى دونيا,ل30

48- هەمان سەرچاوە,ل 32

49- هەمان سەرچاوە,ل33

50- هەمان سەرچاوە,ل 92

51- بەختيار عەلى, دواهەمين هەنارى دونيا,ل107

52- هەمان سەرچاوە,ل 143

53- هەمان سەرچاوە ,ل 181

## سەرچاوەكان


- بەختيار عەلى,دواهەمين هەنار دونيا. چ2,چاپخانەى ڕەنج,2003.
- بەختيار عەلى,وەك باڵندەى ناوجەنگەڵە ترسناكەكان,چ1,چاپخانەى ئارۆ,2012

- ڕووناك سەلاح عەلی ,هونەری فەنتازیا لە چیرۆكی نوێی كوردی بە نموونەی چیرۆكەكانی(سابیر رەشید و شێرزاد حەسەن ),چ1, چاپخانەی رۆژهەلات/هەولێر,2017.
- حەمە مەنتك, سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی كوردیدا,چ1, هەولێر,2011
- د. محمد امین عبدالله,فەنتازیا لە ڕۆمانی(غەزەلنوس و باغەكانی خەیاڵی ) ی بەختیار عەلیدا,گۆڤاری زانكۆی كۆیە,ژ35, 2015.
- جمیل حمداوی, ڕۆمانی فەنتازی عەرەبی,وەرگێڕانی:جومعە جەباری, گۆڤاری نەوشەفەق,ژ71, كەركوك,2009.
- 3-د.هیمدا حسین , كەیفی ئەحمەد, ڕۆڵی تەكنیكی(خەون و فەنتازیا)لە بنیاتی داستانی فۆلكلۆری كوردیدا,گۆڤاری زانكۆی كۆیە,ژ43, 2017
- حەمە رەشید قەرەداغی, فەرهەنگی ئازادی(ئینگلیزی- كوردی ),چ1,چاپخانەی اسوە,2006.
- عەتا نەهایی, خەیاڵ و فەنتازی لەبەرهەمی ئەدەبیدا,بەشی دووەم,ڕۆژنامەی هەولێر,ژ1687, 2013
- تزفیتن تودوروف, مدخل ال الادب العجائبی, ت:الصدیق بوعلام,دار شرقیات للنشر والتوزیع,گ1, 1994
- د.سعید علوش,معجم المصگلحات الادبیه المعاصره,دار الكتاب اللبنانی , بیروت- لبنان,گ1, 1985.
- عبدالحی العباس,(بناو المصگلح العجیب و الغریب والخارق والفنگاستیك ) بین قیودالمعجم وقلق الاستعمال,المگبعه والوراق الوگنیه- مراكش,گ1, 2007.
- سمیره بن جامع,العجائبی فی المخیال السردی فی ألف لیله و لیله,رساله الماجستیر,جامعهالحاج لخچر(باتنه ),كلیه الاداب و العلوم الانسانیه,قسم اللغه و ادابها, 2010
- الیاقوت بن سیدهم, العجائبی فی الروایه الجزائریه المعاصره روایه"نصف وجهی المحروق ل :عبدالقدر شرابه" –نموزجا, رساله الماجستیر,جامعه محمد بوچیاف بالمسیه,كلیه الاداب وللغات, قسم اللغه و الادب العربی,2015.
- علاوی الخامسه,العجائبیه فی الادب الرحلات:رحله بن فچلان نموزجا,رساله الماجستیر,جامعه منتوری- قسنگینه, كلیه اللغات والاداب,2005
- د.فیصل غازی النعیمی,العجائبی فی الروایه)الگریق ال المدن)مجله جامعه تكریت للعلوم الانسانیه ,المجلد(14),العدد(2),2007.
- بروانه:نجاه تمیم , الادب العجائبی,اهو واقع ام خیال؟,مجله الحوار المتمدن- 2992, 2012/5/1, محور الادب والفن www.ahewar.org\debat\show.art.asp?aid=213613
- جمیل حمداوی,الروایه العربیه الفنگاستیكیه,ئەم بابەتە لە تۆری ئەنتەرنێت دەستدەكەوێت,لەسەرپێگەی: http://www.arabicnadwah.com/articles/fantasia-hamadaoui.htm.

**ملخص**

**الفنتازيا كمفهوم جديد يمثل دورا رئيسيا في الرواية المعاصرة الكوردية، واعطى اشتياق خاصة لتلك الروايات التي لمست الخيال وله الحضور فيها، لذلك خصصنا هذا البحث الموسوم( الشخصية الفنتازية في الرواية "دواهەمین هەناري دونيا" ) للقاص بختيار علي.**

**يتكون البحث من المقدمة و الفصلين مع النتائج وقائمة المصادر ، خصص الفصل الاول عن الجانب النظري للبحث وتطرقنا فيها الى المصطلح الفنتازيا لغة واصطلاحا ومفهومه، وفيها ايضا الشروط النص الفنتازي وانواع الشخصيات الفنتازية ، اما الفصل الثاني يمثل الجانب التطبيقي وفيها تكلمنا عن التشخيص انواع الشخصيات الفنتازية في الرواية البحث المختارة .**

## Abstract

Fantasy as a new concept plays a key role in modern Kurdish novel and makes the novels in which fantasy exists to a great extent so interesting. Thus, the present study is devoted to the subject (fantasy characters in the novel “The World’s Last Pomegranate” – Dwahemin Henari Dunya) by the Kurdish novelist Bakhtyar Ali. This study consists of an introduction, two parts, conclusions, reference list, and abstracts in Arabic and English languages. The first part is theoretical, which briefly talks about fantasy as a term and its definition. In addition, this part sheds light on the conditions of fantasy contexts, fantasy character types, and fantasy characters in novels. Furthermore, the second part is practical in which the types of fantasy characters in Bakhtyar Ali’s novel has been recognized, introduced and brought to.